# ڕۆڵی ژنان لە بواری ڕاگەیاندن لە قەزای کەلاردا (1991- 2011) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

**م. ی. سەباح عەلی سلێمان**
بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە لەزانکۆی گەرمیان
sabah.ali@garmian.edu.krd

**پوختە**

ژنان لەکۆمەڵی کوردەوارییدا شانبەشانی پیاوان لەکایە جۆربەجۆرەکاندا خزمەتیان کردووە، لەسنوری گەرمیان بەگشتی و قەزای کەلار بەتایبەتی لەو ڕووەوە سەرباری ڕێگری جۆربەجۆر بەتایبەت لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام ژنان توانیویانە لەبواری ڕاگەیاندندا ڕۆڵیان هەبێت و جێ پەنجەیان دیارە، بەمەبەستی خستنەڕووی ڕۆڵیان وشیکردنەوەی کارەکانیان لەبوارەکەدا ئەم توێژینەوەیە بەپشت بەستن بەمیتۆدی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی (وەسفی، شیکاری)، بەئەنجامگەیەنراوە.

ژنانی ڕاگەیاندنکار لەقەزای کەلاردا هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینی (بەهاری 1991)ەوە لە ڕاگەیاندنی بیستراوەوە دەستیان پێکردووە وپاشتر لەبوارەکانی تری (بینراو ونووسراو)دا زیاتر ڕۆڵیلن بینیووە وکاریگەرانە کاریانکردووە، کۆژانی ژنان وئەنفال لەکاری ژنانی ڕاگەیاندنکاردا ڕەنگی داوەتەوە ولەو ڕووەوە درێخیان نەکردووە.

لەڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە دەرگا لەسەر پشت بۆ توێژەران لەبواری تری زانستیدا دەکاتەوە بۆ ئەوەی کاری زانستی جۆراوجۆر بەئەنجام بگەینن وڕۆڵی ژنان تاوتوێ بکرێت.

**کلیلە وشەکان**: قەزای کەلار، ژنانی ڕاگەیاندنکار، ڕادیۆی تەوار، ڕۆژنامەی بارین.

**Abstract**

Despite a number of challenges, primarily social ones, women have worked alongside males in a variety of sectors in Kurdish culture, in the Kalar district and across Garmian in general. However, women have also been able to participate in the media. This study's methodology is grounded in the field. Analytical and descriptive historical study has been done.

Beginning with the Kurdistan Uprising in the spring of 1991, women journalists worked in the Kalar district before branching out into other media (written and visual). The work of female journalists reflects Anfal, and they haven't held back in this regard.

This study makes it possible for scientists working in other sectors to do different kinds of research and talk about the role of women.

**Keywords**: Kalar district, female journalists, Tawar radio, Barin Newspaper

**پێشەکی**

کەلار یەکێك لەقەزا گەورەکانی کوردستان، لەپاش ڕاپەڕینی (بەهاری 1991)وە کاری ڕاگەیاندن تێیدا گەشەی کردووە و ڕاگەیاندنکارانی لەبوارەکەدا جێ پەنجەیان دیارە و لەسەر ئاستی کوردستان ناسراون و کاریگەرییان لەهەر سێ بواری ڕاگەیاندن (بیستراو، بینراو و نووسراو)دا هەبووە، ژنان سەرباری ڕێگری زۆر بەتایبەت لەبواری کۆمەڵایەتیدا، بەڵام شانبەشانی پیاوان لەکەناڵە لۆکاڵییەکانەوە دەستیان پێکردووە و پاشتر لەبوارەکەدا لەڕاگەیاندنی سەنتەری شارە گەورەکاندا بەتایبەت سلێمانیدا کاریانکردووە.

بەئامانجی گرنگیدان بەژنانی ڕاگەیاندنکار لە کەلار و تیشکخستنە سەر ئەو مێژووەی ئەوان کاریان تێدا کردووە، لەڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە ئاشنای ئەو سەردەمە دەبین چۆن کاریانکردووە و چیان لەبواری ڕاگەیاندندا تۆمارکردووە، توێژینەوەکە کاری لەسەر ڕۆڵی ژنانی ڕاگەیاندنکار لەکەلاری نێوان سالانی (1991 – 2011)دا کردووە، بەو پێیەی بتوانین ئەو ماوە مێژووییە بەهەوراز و نشێویەکانیەوە تاووتوێ بکەین و بۆ داهاتوو دەرگا بۆ توێژەرانی تر بکەینەوە، ماوەی توێژینەوەکەیش بۆ

ئەوە گەڕاوەتەوە لەو ساڵانەدا کاری ڕاگەیاندن لەقەزاکەدا چالاکبووە وپاش ساڵی (2011)، بەجۆرێك لەجۆرەکان بوارەکە تووشی پاشەکشە بووەتەوە.

توێژینەوەکە لەپێشەکی و سێ تەوەر و ئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بۆ ڕۆڵی ژنانی کەلار لەکایە جۆربەجۆرەکاندا لەپێش ڕاپەڕیندا تەرخانکراوە بەتایبەت سنورەکە تووشی گەورەترین ڕووداویی مێژوویی بووەتەوە، ئەویش مەرگەساتی (ئەنفال) بووە، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ژنان بە جێهێشتووە، لەتەوەری دووەمدا ڕۆڵی ژنانی ڕاگەیاندنکار لەنێوان ساڵانی (1991 – 2003) دا خراوەتە بەرباس، هەرچی تەوەری کۆتایشە تیشکی خستووەتە سەر ڕۆڵی ژنانی ڕاگەیاندنکار پاش پرۆسەی ئازای عێراق لەساڵی (2003)وە، بەتایبەت دامەزراندنی یەکەمین ڕادیۆی تایبەت بەژنان لە کوردستان (ڕادیۆی تەوار) لە کەلار، زۆرتر تەوەرەکەی بۆ تەرخانکراوە.

بەپشت بەستن بەمیتۆدی توێژینەوەی مێژوویی (وەسفی، شیکاری)، توێژینەوەکە لەڕێگای ژمارەیەك سەرچاوەی جۆربەجۆر بەئەنجام گەینراوە، بەحوکمی ئەوەی لەڕابردوودا زۆر بەکەمی لەسەر کاری ژنانی ڕاگەیاندنکار لەقەزاکەدا لێکۆڵینەوە و نووسینی کتێب هەبووە، هەرچەندە کتێبەکەی تابان گەرمیانی (دەستکەوتەکانی ژنانی باشووری کوردستان 1992 -2014) بەکەمی باسی لەڕۆڵی ژنانی سنورەکە لەبواری ڕاگەیاندندا کردووە و تاڕادەیەك سوودی لێوەرگیراوە، ئەمەیش وایکردووە زۆرتر لەسەرچاوەکاندا پشت بەڕۆژنامە و گۆڤار و مێژووی زارەکی (Oral history) ببەستین و لەو ڕووەوە ژنانی ڕاگەیاندنکار بەسەرکراونەتەوە، جگە لەڕۆژنامە لۆکاڵییەکانی کەلار، ئەرشیفی هەریەك لەڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ، هەرێمی کوردستان و ژیانەوە) زۆر سوودی لێوەرگیراوە، سەرباری گرفتەکانی بەردەم توێژینەوەکە، خۆی لەوەدا بینیووەتەوە ئەرشیفی ژنانی ڕاگەیاندنکار لەبواری (بیستراو و بینراو)دا بەکەمی بەردەست بووە و بەهۆکاری جۆربەجۆر بەشی زۆریان فەوتاون، بەڵام سوپاس بۆ خوا توانراوە بەهاوکاری خەمخۆرانی بوارەکە بەتایبەت ئەو ژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە توێژینەوەکە بەپایان بگات.

**تەوەری یەکەم**

**گوزەرێکی خێرا بەسەر مێژووی کەلار و ڕۆڵی ژنان لەکایە جۆربەجۆرەکاندا تا ڕاپەڕینی (1991)**

کەلارلەڕووی کارگێرییەوە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، بەپێی ساڵنامەی ولایەتی موسڵ، ناوی بەگوندی (شێروانە) تۆمارکراوە، لەساڵنامەیی موسڵی (موصل ولایتی سالنامە)، ساڵی (1312ك/1894ز)دا کەلار (شێروانە) وەك ناوچەیەکی سنوری لەگەڵ ئێراندا لەقەزای کفری (سەڵاحیە)دا ناوی هاتووە (موصل سالنامە، 1312، ص321 ،332)، لەسەردەمی پاشایەتییدا لەعێراق، لە(18ی ئابی 1927)دا بەئیرادەیەکی مەلەکی بڕیاری بەناحیەبوونی (گوندی کەلار) لەژێر ناوی (ناحیەی قەڵای شێروانە) دا لەقەزای کفری سەر بەلیوای کەرکووک دراوە، بەڵام بەهۆی نفوز و ڕێگری بەگزادەی جاف، ڕێگەیان نەداوە، ناوەندی ناحیەکە بهێنرێتە کەلار و بە ناچاری حکومەت ناوەندی ناحیەکەی بردووەتە گوندی (سەرقەڵا) (الوقائع العراقیة، 1927، ص2).

کەلار بەمەرسومێکی کۆماریی لە(28ی شوباتی 1970) دا بەبڕیارێکی سیاسی، ڕاستەوخۆ لەگوندێکەوە لەسنوری لیوای کەرکوک کراوەتە قەزا، جگە لەسنوری کارگێری ناوەندی قەزاکە، لەهەردوو ناحیەی (شێروانە، پێباز) پێکهاتبوو (الوقائع العراقیة، 1970، ص2)، لە(تشرینی دووەمی 1976) دا لەچوارچێوەی سیاسەتی دابڕانی ناوچە کوردییەکان لەسەر پارێزگای کەرکوک، قەزای کەلار خرایە سەر پارێزگای سلێمانی، پاش ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە(بەهاری 1991)، قەزاکە خرایە سەر ئەو یەکە کارگێرییەی بەناوی (پارێزگای کەرکووک) لەقەزای دەربەندیخان دامەزراوە، بەڵام پاش پرۆسەی ئازادی عێراق، بەبڕیارێک لە(6ی ئابی 2006)، بڕیاری پێکهێنانی ئیدارەی گەرمیان دراوە، ناوەندەکەی قەزای کەلار و هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان مامەڵەی پارێزگای لەگەڵ کراوە (ئیدارەی گەرمیان، https://garmiyan.com، ڕۆژی سەردان: 2023/7/27).

لەسەردەمی پاشایەتی عێراق (1921 – 1958) دا، کەلار وەک گوندێکی ئاوەدانی سەر بە قەزای کفری، ڕۆڵی لەپێشهاتە سیاسیەکاندا هەبووە، هەردوو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران (مجلس النواب)، هەریەک لەحەمە بەگی جاف (1904 -1934)، داود بەگی جاف (1905 – 1966) ی دانیشتوی کەلار و نوێنەری قەزای کفری لەلیوای کەرکووک، خزمەتی بەرچاویان بەکەلار کردووە، لەکردنەوەی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و هێنانی هێڵی تەلەفۆن و کارەبا و بیری ئرتیوازی...، ئەمە جگە لەبەشداری کارای خەڵکی سنورەکە لەشەڕی ئاوباریکی (5ی نیسانی 1931)دا، هەروەها بوونی ژمارەیەک ئەندامی (پارتی هیوا)، ئەوەیش وایکردووە دوو چالاکی گرنگی پارتەکە لەساڵی (1944) لەکەلار بەئامادەبوونی بەشی زۆری ئەندامەکانی بەڕێوە بچێت (سلێمان، 2021، ل38، 53،42).

لەپاش بەرپابونی شۆڕشی (14ی تەموزی 1958)، کەلار خێرا بەپیری گۆڕاکارییەکانەوە چووە، هەردوو حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان بارەگایان کردووەتەوە و خەڵکی لەو دوو پارتەدا بوونەتە ئەندام، لەشۆڕشی ئەیلوول (1961 – 1975) دا خەڵکی ناوچەکە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە و لەململانێیەی نێوان باڵەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا کاریگەر بوون، باڵی مەکتەبی سیاسی بەشی زۆری چالاکیەکانیان لەکەلار ئەنجامداوە و بارەگایەکیان لێکردووەتەوە، لە(ئازاری 1967)، کۆنگرەی باڵی مەکتەبی سیاسی بەئامادەبوونی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی گرێدراوە، لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، سنورەکە بەچڕی کەوتووەتە بەر پەلاماری حزبی بەعس و حکومەتی عێراقی، لەکاتی بەرپابوونی جەنگی ئێران-عێراقدا لەنێوان ساڵانی (1980- 1988)دا سنورەکە بەهۆی هاوسنوری لەگەڵ وڵاتی ئێران تووشی زیانی گیانی وماڵی زۆر بووەتەوە، قەزاکە لە(نیسانی 1988)دا لەقۆناغی سێی ئەنفالدا تووشی گەورەترین کارەساتی مرۆیی بووەتەوە (حەمید، 2019، ل127، 133).

سەبارەت بەڕۆڵی ژنان بەر لەڕاپەڕینی (بەهاری 1991)دا لەکایە جۆراوجۆرەکاندا، لەسەردەمی پاشایەتی عێراق لەچەند ئاستێک ئەو ڕۆڵە بەرچەستە بووە، سەرباری ئەوەی ژنان لەچوارچێوەی خێزاندا کاریانکردووە و وەک ناوچەکانی تری کوردستان زۆرتر لەماڵەوە بوون و بەکاروباری بەخێوکردنی منداڵەکانیان خەریکبوون، بەڵام بەو پێیەی کەلار ناوچەیەکی کشتوکاڵییە و خەڵکەکەی بژێویان لەسەر ئاژەڵداری بووە، هەربۆیە لەو دوو کەرتە ئابورییە گرنگەدا ژنان شانبەشانی پیاوەکانیان کاریانکردووە و ڕۆڵیان لە وەرزی دروێنەکردنی دانەوێڵەدا بەرچاوە (عزیز، 2023، ل49).

لەبواری پەروەردە و خوێندندا، ساڵی (1931)، یەکەمین قوتابخانە لەکەلار بەهەوڵی حەمە بەگی جاف لەخولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەراندا بووەتە ئەندام، لەگەڵ کەریم بەگ (1889 – 1949)ی برایدا کراوەتەوە، بەپێی ژمارە (1)ی تۆماری گشتی (قید عام) قوتابخانەی کەلار لەساڵی یەکەمی خوێندندا (33) قوتابی دەستیان بەخوێندن کردووە، لەو ژمارەیە (4) قوتابیان ڕەگەزی مێ بوون، ئەوانیش هەریەک لەقوتابی: ئەختەر محەمەد بەگ لەدایکبووی (1926)، وەفیقە تۆفیق ئەفەندی لەدایکبووی (1924)، قەدریە وەستا حەمید لەدایکبووی (1924) و ڕەعنا حەیدەر ساڵی لەدایکبووی تۆمار نەکراوە (قید عام، 1931، رقم1)، کچان شانبەشانی کوڕان لەیەکەمین قوتابخانەی کەلاردا دەستیان بەخوێندن کردووە، گۆڤاری گەلاوێژ سەبارەت بەو دەسکەوتە لەبواری پەروەردە و خوێندندا بۆ کەریم بەگی جافی گەڕاندووەتەوە، هاتووە: "زۆر کۆشش کرد لەرێگەی ئەو قوتابخانەیەدا، ایشێکی وایکرد کورر و کچ پیکەوە تیدا بخوینن و لەئاوایی یەکانی ترەوە بەزۆر منال بهینری بۆ خویندن تیایا" (گەلاوێژ، 1949، ل58).

لەنێوان ساڵانی (1931-1941)دا لەقوتابخانەکەدا (110) قوتابی وەرگیراون و درێژەیان بەخوێندنداوە، (92)یان لەرەگەزی نێر، (18)یشیان مێ بوون، بەڵام بەگشتی لەنێوان ساڵانی (1931-1958) دا (46) قوتابی کچ خوێندویانە، وەك ئاماژەی بۆکراوە ئەختەر محەمەد بەگ وەك یەکەمین کچ ناوی لەتۆماری قوتابخانەکەدا هاتووە، بەشی زۆری قوتابیانی کچ نەیانتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکەن، ئەوەیش زیاتر بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە بووە، لەو ماوەیەدا هیچ مامۆستایەکی ژن لەقوتابخانەکە وانەیان نەوتووەتەوە و تەنها مامۆستایانی پیاو خزمەتیان لەبواری پەروەردە و خوێندندا کردووە (باوەڕ، گەرمیان و ناوچەی خانەقین، 2019، ل112).

لەسەردەمی پاشایەتیدا ژنان لەکەلار، هەندێک دەرکەوتن و ڕۆڵیان لەبواری کۆمەڵایەتیدا بەتایبەت لەچارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکاندا هەبووە، نموونەی ئەو ژنانە دەکرێت ئاماژە بەهەوڵەکانی خاتوو زیبا خانی (1921 – 1974) کچی کەریم بەگی جاف بدەین، جگە لەکاری بەخشینی پارە بەکەسانی کەم دەرامەت و هەژار، تێکۆشاوە بۆ ئەوەی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی سەردەمەکەی کەم بکاتەوە و هەوڵی چارەسەریان بدات، ئەوەیش وایکردووە بەردەوام ماڵەکەی بەرووی ژناندا بکاتەوە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان ڕوویان لێکردووە (شەریف، 2019، ل186)، ژنان لێرەیش وەك ناوچەکانی تری کوردستان کاری مامانی و هەندێکجار وەک پزیشکێکی میللی کاریانکردووە و دەرمانی کوردەوارییان بەکارهێناوە، دەکرێت لەو بوارەدا ئاماژە بەچەند ژنێک بدەین، لەوانە: حاجی سەلمەی سلێمان ئەڵماس (1897 – 1994) دەرمانی کوردەواری بەکارهێناوە، ئامینی گەردە و نەنە ئایش... کاری مامانیان کردووە (کەلاری، ب1، 2020، ل54).

لەبواری سیاسی و دەستگیرۆیی کاری ڕێکخراوەییدا هەوڵەکان زۆر کەمن بەجۆرێک ژنان تەنها هاوکاری ماددیان بەخشیوە، هیچ ژنێک ئەندامی کاری ڕێکخراوەیی و حزبی نەبووە، بەڵام ژنان کۆمەکی یانەی سەرکەوتنی کوردانیان کردووە، ئەویش دوای ئەوەی باوەڕپێکراوی گشتی یانەکە- مارف جیاووك پاش ڕاوێژکردن بەمەبەستی کۆکردنەوەی هاوکاریی ماددی بۆ یانەکە، گەشتێکی چل و پێنج ڕۆژیان بەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا کردووە، گەشتەکە لە(17ی تەمموزی 1943)دا دەستیپێکردووە و تا (31ی ئابی 1943)ی خایاندووە، لەکەلار مارف جیاووك و یاوەرەکانی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ (20 -21ی تەمموزی 1943) ماونەتەوە، لێرەیش هاوکاری و کۆمەکی ماددی پێشکەشی یانەی سەرکەوتن کراوە و بڕی (210) دینار

کۆکراوەتەوە و ژنان بڕی (37) دیناریان بەخشـــیووە، بەو شـــێوەیە: فەهیمە عەبدولکەریم وەنداوی– خێزانی کەریم بەگ، بڕی (10) دینار، کچی کەریم بەگ، بڕی (2) دینار، خێزانی داوود بەگی جاف، بڕی (10) دینار، زێبای خێزانی حەمەسـەعید بەگ، بڕی (10) دینار، کچی ڕەزا بەگ، بڕی (5) دینار (باربو، 1943-1944، ل44؛ باوەڕ، 2019، یانەی ســــەرکەوتن، ل119-120).

لەبواری ئەدەب و ڕاگەیاندندا، تاکە هەوڵێکی ژنان لەکەلاری ســــەردەمی پاشـــایەتیدا بەرچاو کەوتووە، لەگۆڤاری گەلاوێژ لە(تەمووزی 1943)دا هۆنراوەیەك لەژێر ناوی (لایەلایە)دا بڵاوکراوەتەوە، هۆنراوەکە لەکەلارەوە لەلایەن (ژنە جافێك)وە نێردراوە، هۆنراوەکە بەو شێوەیە دەستی پێکردووە "هەی لایەلایە حسن لای لایە. لەخوام گەرەکە بگەیتە پایە..." (ژنە جافیك، 1943، ل32)، ئەو ژنە جافەی هۆنراوەی بۆ گۆڤارەکە ناردووە، حەبیبە کەریم بەگی جافە[1]، ژنێکی شـــۆخ و شـــەنگ بووە و بووەتە جێ ســـەرنجی خەڵکی و ناوی چووەتە نێو بەیتە شـیعری فۆلکلۆری گەرمیانەوە، لەبەیتە شـیعرێکی فۆلکلۆریدا هاتووە (حەبێ خان وەی حەبێ خان، گوڵ مەجلیســـی ناو دیوەخان...)، ئەو بەیتە شـیعرە فۆلکلۆرییە لەلایەن ژمارەیەك هونەرمەندەوە وتراووەتەوە، لەوانە: هونەرمەندان: حســـێن عەلی (1932-1991)، ســـەلاح داوودە ( 1941-2013)، جگە لەو پارچە هونراوەییەی گۆڤاری گەلاوێژ، حەبەخان گەلێك شیعری میللی هەبووە لەبۆنەکاندا ووتویەتیەوە (باوەڕ، 2021، ل163).

پاش شـۆڕشـی (14ی تەممووزی 1958)، لەکەلار و کفری، جگە لەڕێکخراوەکانی لاوان و قوتابیان و جووتیاران، ژنانیش ڕۆڵیان هەبووە, لەڕێکخراوی یەکێتیی ئافرەتاندا خۆیان ڕێکخســـتووەتەوە و ڕۆڵیان لەهۆشـــیارکردنەوەی ژنانی ســـنوورەکەدا هەبووە، لەکفری هەریەك لە(بەشـــیرە مەلا ئەحمەد، لەتیفە وەســـتا محەمەد و مەلیحە عەبدوڵڵا چاوش)، لەڕیزەکانی یەکیتی ئافرەتاندا ڕۆڵیان هەبووە و کاریانکردووە، کارەکانیشـــان لەچوارچێوەی ســنورەکەدا کاریگەری هەبووە (دەلۆ، 2019، ل151)، لەکەلار حەبیبە خانمی کەریم بەگی جاف لەڕیزەکانی یەکێتیی ئافرەتاندا کاریکردووە، توانیویەتی هاوکاری ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکارتی کوردســـتان لەســـنوورەکەدا بێت، لەچوارچێوەی بارەگای خەبات چالاکیی ســیاســـی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی ئەنجامداوە، لەکاتێکدا حیلمی عەلی شـــەریف- بەرپرســـی ناوچەی کفری پارتی لەکەلار کۆبوونەوەی بەڕێکخســـتنەکان کردووە، لەڕێگای ئەو ژنەوە لەهاتنی سوپا ئاگادار کراوەتەوە، پاشتر بەرپرسەکەی پارتی ڕزگاری بووە و چووەتە بناری بەمۆ و دەستی بەدورستکردنی ڕێکخستنی سەربازی کردووە (وەلی، 2017، ل15؛ شریف، 2019، ل120).

لەسـەردەمی شۆڕشـی (ئەیلوولی 1961)دا بنەماڵەی بەگزادەی جاف کە پاش شۆڕشـی (14ی تەممووزی 1958)، کەلاریان بەجێهێشـتبوو و ڕوویان لەبەغداد و وڵاتی ئێران کردبوو، بەشـێک لەمنداڵەکانیان قۆناغەکانی خوێندنیان تەواوکردووە، لەنێویاندا کچەکانیشـــیان پلەکانی خوێندنیان بەســـەرکەوتووی بڕیووە، هەریەک لەپەروین ڕەزا بەگ بووەتە ئەندازیاری کشـــتوکاڵی و خورشـیدە داود بەگ توانیویەتی بڕوانامەی بەکالۆریوس لەزانستی خۆراکدا بەدەست بهێنێت، تەنانەت کچان بەشداری کارایان لەچـالاکیەکـانی قوتـابخـانەدا کردووە، جیـاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان خوێنـدکـاری کوڕ و کچـدا بەدینەکراوە و زۆرجـار کچـان لەپێشبرکێ و بەدەست هێنانی نمرەی بەرز کێبرکێیان لەگەڵ کوڕاندا کردووە، شێخ محەمەد شاکەلی لەبیرەوەرییەکانی خوێندنی خۆییدا ئەو بارودۆخەی بۆ ڕۆڵی بەگزادەی جاف گەڕاندووەتەوە، چونکە بۆ خۆیان کچەکانیان ناردووەتە بەر خوێندن و هانی خەڵکیان داوە کچەکانیان بخەنە قوتابخانە (شاکەلی، 2016، ل93 -95).

شەستەکانی سەدەی بیستەم، ژنانی گوندی کەلار لەچاو ژنانی شاردا تاڕادەیەک لەهەڵسوکەوت و پۆشینی جلوبەرگدا کراوە و جیاواز تر بوون "ژنانی گوندنشین جلی کوردی خۆماڵی بێ عەبا و ڕووپۆشیان لەبەر دەکرد، بەڵام ئەو ژنانەی خەڵکی شار بۆ سـەردانی کەسـوکار و ناسـیاوەکانیان سـەردانی گوندەکانیان دەکرد، ئەمانە زۆربەیان عەبای ڕەشـیان دەپۆشـی"، ژنان بەزۆری لەگەڵ باوک و برا و هاوســـەرەکانیان بەمەبەســـتی جێبەجێکردنی پێداویســـتیەکانیان بەتایبەت کڕینی جلی بووک ســـەردانی شارەکانیان کردووە، بەڵام ئەوەی هەندێکجار لەکەلار جیاواز بووە، ئەوەیە ژنان بەتەنها چوونەتە شار و زۆر جاریش بەشداری گفتوگۆ و مەجلیسـی ناو ئەو ئۆتۆمبیلەیان کردووە لەکەلارەوە بۆ کفری سـەرنشـینەکانی گواسـتووەتەوە، ئەویش پاسـەکەی حاجی حەســـەنی کوێخا فەرەج بووە (شـاکەلی، 2012، ل249)، ســـەلمە عەبدولکەریم محەمەد (1937 – 2007)، ناسـراو بە(ســەلە کەلاری)، ژنێکی شــۆخ وشــەنگ و چالاکی بواری کۆمەڵایەتی بووە، یەکەم ژنی ســـەردەمەکەی بووە لەســـنورەکە مکیاجی بۆ خۆڕازاندووە بەکارهێناوە و بۆنوبەرامەی بەتایبەت (مێخەك)ی لێنەبڕاوە، لەنێوان ســـاڵانی (1967 – 1970) دا، ئەو دەمەی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان (باڵی جەلالی) لەکەلار چالاك بوون، هاوکاری پێشمەرگەی کردووە و چەند جارێك جەلال تاڵەبانی لەماڵەکەییدا میوانداری کردووە (حەمەساڵح، 2017، ل6).

لەپاش بەقەزابوونی کەلار لەسـەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، ژنان ڕۆڵیان لەبواری پەروەردەدا زۆرتر دەرکەوتووە و هاتوونەتە مەیدان، مامۆســـتا پاکیزە حســـێن حەســـەن، لەســـاڵی (1973) وەک یەکەمین مامۆســـتای ژن لەمێژووی قەزاکەدا دەســـتبەکاربووە، ئەو مامۆسـتایە سـاڵی (1949) لەکفری لەدایکبووە، بەشـــی زمانی کوردی کۆلێژی ئادابی لەزانکۆی بەغداد

لەسـاڵی خوێندنی (1972 – 1973) تەواوکردووە، لە(1ی تشـرینی دووەمی 1973) وەک یەکەمین مامۆسـتای ژن و یەکەمین بەڕێوەبەری ژن لەقوتابخانەی (کلار الجدیدة) دەسـتبەکاربووە، لەگەڵ ئەویشـدا، مامۆسـتا (گوێڵتان حەسـەن عەباس) ی هەمان کۆلێژ و بەش دامەزراوە، پاشـتر سـێ مامۆسـتای تری ژن بەناوەکانی (باری ئیتسـفان یەڵدا، نەجیبە حەمید و سـوهێلە ئەحمەد) هەمان سـاڵی خوێندن وانەیان بە(73) قوتابی لەچوار پۆلدا ووتوەتەوە، سـاڵی (1975)، یەکەمین باخچەی سـاوایان لەگەڕەکی بنگرد لەقەزاکەدا کراوەتەوە، یەکەمین بەڕێوەبەری مامۆسـتا (لەیلا حامد شـەوکەت) بووە (سـلێمان، 2021، ل152؛ عەلی، 2023، ل 308 -309).

لەساڵی خوێندنی (1979 – 1980) دا لەگەڕەکی کەلاری کۆن قوتابخانەیەکی تایبەت بەکچان بۆ قۆناغی سەرەتایی بەناوی (قوتابخانەی کەلاری کچان)وە کراوەتەوە کەژمارەیەك مامۆستای ژن وانەیان تێداووتوەتەوە، لەهەشتاکاندا لەدواناوەندی کەلار، کچانی خوێندکار شانبەشانی کوران بەشدارییان لەبڵاوکراوەی سەردیواری قوتابخانەکان (نشرة جدارية) دا کردووە، لەو ڕووەوە مامۆسـتا (گوڵباخ مەلا ئیبراهیم) زۆر هانی کچانی داوە بەشـداری لەو چالاکیانەدا بکەن و ڕۆڵی بەرچاوە (باوەڕ، 2023، چاوپێکەوتن)، لەسـاڵی خوێندنی (1988 – 1989)دا یەکەمین دواناوەندی کچان بەناوی (ثانوية روشـت للبنات) کراوەتەوە و لەپۆلی (1 -6)ی لەخۆگرتووە، لەسـاڵی یەکەمی خوێندندا (64) کچە خوێندکار وەرگیراون، تاپێش ڕاپەڕینی (بەهاری 1991)، (186) خوێندکاری کچ لەو خوێندنگایە درێژەیان بەخوێندن داوە (فەقێ محمد، 2023، ل498).

**تەوەری دووەم**

**ڕۆڵی ژنان لەبواری ڕاگەیاندن لەقەزاکە لەنێوان ساڵانی (1991 – 2003) دا**

دەرئەنجامی چەندین هۆکاری ناوخۆی، هەرێمی و نێودەوڵەتی، لە(5ی ئازاری 1991)دا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگژ دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقدا چوونەوە و بەشی زۆری ناوچەکانی باشووری کوردستان لەدەست ڕژێمی بەعس ئازادکرا، لەهۆکارە ناوخۆییەکانی ڕاپەڕین، دەکرێت ئاماژە بەڕاگواستن و سوتاندن و بەتاڵانبردن و پاشتر شاڵاوی بەرفراوانی ئەنفال بۆ سەر خاکی کوردستان بدەین، ئەنفال دەرئەنجامی سلبی زۆری لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوەکە بەجێهێشتووە، بەیەکێک لەهۆکارە سـەرەکیە ناوخۆیەکانی ڕاپەڕین دانراوە (مسـتەفا، 2009، ل162)، لە(7 – 20ی نیسـانی 1988)، حکومەتی عێراقی لەچوارچێوەی ئەنفالی سێدا هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەکە، ئەنفالی سێی گەرمیان گەورەترین شاڵاوەکانی ئەنفال بووە، خۆی لە سێ پەلاماری جیاجیادا بینیوەتەوە، لەپەلاماری سێیەمدا بۆ سەر سەنگاو و باشووری گەرمیان زۆرترین هاوڵاتی بەتایبەت لە(4/14) دا ئەنفالکران، لەهەردوو گوندی (ملەسـورە و کوڵەجۆ)ی سـەر بەقەزای کەلار ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سـنورەکە پاش کۆکردنەوەیان ئەنفالکران، لەشـاڵاوی ئەنفالی گەرمیاندا نزیکەی (500) گوند وێران و (30) هەزار هاوڵاتی بەژن و منداڵەوە جینۆسایدکران (سالح، 2002، ل63 -70).

دەرئەنجامی ئەو سیاسـەتە توندوتیژەی حکومەتی عێراق، سنوری گەرمیان بەشـێوەیەکی حەماسـی بەشـداریان لەڕاپەڕینی (بەهاری 1991)دا کردووە، لە(9ی ئازار) دا قەزای کەلار لەدامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس پاککرایەوە، ڕێکخسـتنە نهێنیەکانی پارت و ڕێکخراوەکان، بەرنامەڕێژیان بۆ ڕاپەڕین کردبوو، دەیان شـانەی چەکدار لەنێو شـارەکەدا دروسـتکرابوو، بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە جموجوڵی نائاسـایی لەنێو بازاڕی کەلار بەدیکراوە و دوکانەکان داخراون، خەڵکی پەلاماری دامودەزگانیاندا و بەبێ بەرگری سـەرجەم شوێنەکان بەدامودەزگای پۆلیس و ئاسایشـەوە گیراون، پاش نیوەڕۆ هێزێکی زۆری پێشمەرگە گەیشتوونەتە قەزاکە، بەڵام بەعس بەو دۆخە ڕازی نەبوو و چەند جارێک بەفڕۆکە و تانک هێرشـیان بۆ سـەر خەڵکی سـڤیل و هێزی پێشمەرگە کردووە (مستەفا، 2009، ل322 -323).

ژنان لەڕاپەڕیندا بەشداریان لەجۆشوخرۆشی جەماوەردا کردووە، سەرەتای ڕاپەڕین لەقەزاکەدا بەخوێنی خۆیان لاپەڕەیەکی درەوشـاوەیان تۆمارکردووە و چەند ژنێک بوونەتە یەکەمین دەسـتەی ژنان و وەک شـەهیدی ڕاپەڕین ناویان هاتووە، لە(25ی ئازاری 1991) دا کاتێک ڕێکخراوی مجاهدینی خەلق لەچوارچێوەی پلانێکی حکومەتی عێراقی هێرشـیان بۆ سـەر کەلار کردووە، لەئەنجامی ئەو هێرشـەدا یازدە هاوڵاتی سـڤیل کوژراو (شـەهید) بوون، لەنێویاندا سـێ ژن و کچێکی مێرمنداڵ بە ناوەکانی: زوحا فازڵ لە دایکبووی (1965)، پزیشـک لەنەخۆشـخانەی کەلار، جوان ڕەووف محەمەد لەدایکبووی (1963)، پزیشـک لەنەخۆشـخانەی کەلار، لەیلا فازڵی لەدایکبووی (1966) و سـەلار محەمەد ئەمین میرزای لەدایکبوو (1980)ی تێدابووە، هەمان ڕۆژ شـاعیری ناسـراو محەمەد حەسـەن حەمید ناسـراو بە(پەژار) وەک یەکەمین شـاعیری شـەهیدی ڕاپەڕین ناوی تۆمارکراوە (حەمید، 2019، ل145).

ژیـانی هـاوڵاتیـان کـەلار، پـاش شـاڵاوی ئەنفـال و ڕاپەڕین بەڕۆژگـارێکی سـەختی ئەمنی و ئـابووریدا گوزەریکردووە کەباروگوزەرانی ژنان بەتایبەت ژنانی کەسوکاری ئەنفال زۆر سەختر بووە، ئەنفال شوێنەوارێکی نێگەتیفی لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری داناوە و کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی بەتایبەت ژنان بەجێهێشتووە، ئەمە سەرباری خراپی

لایەنی دەرونی ڕەگەزی مێینە لەپاش پرۆسەی ئەنفال، دووبارە بەبێ مێرد و کەسوکار دەستیان بەژیان کردووەتەوە (سالح، 2002، ل97)، لەنێو نەهامەتیکاندا، ژنانی کەلار جارێکتر لەکایە جۆربەجۆرەکاندا ڕۆڵیان بەرجستە بووەتەوە، پاش ڕاپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارتە سیاسیەکان چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیان لەناوچە جیاجیاکان و لەسنوری گەرمیان کردووەتەوە، لەنێو ئەو ڕێکخراوانەیشدا، ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان دەستبەکاربوون (مستەفا، 2009، ل465؛ عزیز، 2023، ل60)، ساڵی (1993) لەگەرمیان ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستان لقی خۆی کردووەتەوە و لەکەلار کۆمیتەی ئەو یەکێتییە دامەزراوە، ڕێکخراوەکە بەشی ڕاگەیاندنی هەبووە و لەسەرەتاوە (وەزیرە ئەمین)، کاری ڕاگەیاندنی تێداکردووە (شێخ عەبدوڵڵا، 2023، چاوپێکەوتن).

ژنان لەکەلار پاش ڕاپەڕین، بەشێوەیەکی لەسەرخۆ لەبواری ڕاگەیاندندا دەستیان بەکارکردووە، سەرەتای کارکردنیان لەبواری ڕاگەیاندنی بیستراو (ڕادیۆ)دا بووە، لە(1ی حوزەیرانی 1993) دا ڕادیۆی دەنگی گەرمیان[2] دەستی بەپەخشکردووە، لەڕادیۆکەدا سەرباری ڕێگری جۆربەجۆر، بەڵام ژمارەیەک ژن توانیویانە دەست بەکارکردن بکەن، پەخشی ڕادیۆی گەرمیان لەسەرەتاوە سنوری قەزای کەلاری گرتووەتەوە، بەڵام پاشتر پەخشەکەی بۆ تەواوی گەرمیان بووە بەتایبەت لەگوندەکاندا گوێگری زۆریان هەبووە، لەیەکەم ڕۆژی پەخشی ڕادیۆکەدا شانبەشانی پیاوان، سۆبیە عوسمان محەمەد[3] وەک یەکەمین ژنە ڕاگەیاندنکار کاری بێژەریکردووە، سەرباری خراپی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئەمنی سنورەکە، بەڵام توانیویەتی تا (15ی ئەیلوولی 1995)، لەو ڕادیۆیەدا بمێنێتەوە، ئەو ژنە ڕاگەیاندنکارە سەرباری پێشکەشکردنی ژمارەیەك بەرنامە، ڕۆڵی سەرەکی لەدوو بەرنامەی هەمیشەیدا هەبووە، ئەوانیش بەرنامەکانی (ژن لە مێژوودا، شنەی بەیان)، بەرنامەی ژن لە مێژوودا یەکێک بووە لەو بەرنامانەی جگە لەناساندنی ژنان و ڕۆڵیان لەکایە جۆربەجۆرەکاندا، هاوکات تێیدا تیشک خراوەتە سەر پرسی ژنان و ئاریشە جۆربەجۆرەکانی ڕەگەزی مێ لەکۆمەڵی کوردەوارییدا (ئێزگەی دەنگی گەرمیان، 2010، ژمارە 89؛ عوسمان، 2023، چاوپێکەوتن).

ڕادیۆی دەنگی گەرمیان وەک ڕادیۆیەکی لۆکاڵی دەرگای بۆ کچان و ژنانی شارەکە ئاوەڵاکردووە، پاش سۆبیە عوسمان، ژن و کچی تریش کاری ڕاگەیاندنیان تێیداکردووە، ئەو ژنانەی وەک کارمەندی هەمیشەی کاریانکردووە، وەك لەخشتەی خوارەوە ناوەکانیان هاتووە: (قادر، 2018، ل14 – 21).

خشتەی ژمارە (1)، ناوی کارمەندانی ژن لەڕادیۆی دەنگی گەرمیان

| ز | ناوی کارمەند | کار |
|---|---|---|
| 1. | خالیدە مەجید | بێژەری بەشی کوردی |
| 2. | کۆیان هەژار | بێژەری بەشی کوردی |
| 3. | خەبات ئیبراهیم | بێژەری بەشی کوردی |
| 4. | سەرگوڵ کەریم | بێژەری بەشی کوردی |
| 5. | هەرمێ نامیق | بێژەری بەشی کوردی |
| 6. | هێرۆ عەبدوڵڵا | بێژەری بەشی کوردی |
| 7. | بەدریە حەسەن | پێشکەشکار |
| 8. | سەمیرە محەمەد | پێشکەشکار |
| 9. | ئەڤین مەحموود | پێشکەشکاری بەرنامەی منداڵان |
| 10. | شیلان هەواس | پێشکەشکاری بەرنامەی منداڵان |
| 11. | ساکار | مۆنتێر |

هەر لەڕادیۆکەدا هەریەک لەجوان ئیبراهیم باجەڵان و بەناز خالید[4] شانبەشانی ژمارەیەک کارمەندی پیاو بەشی عەرەبی ڕادیۆکەیان بەڕێوەبردووە چ وەک بێژەر یان دەرهێنەرکاریانکردووە، جگە لەمانیش ژمارەیەک کچ و ژنی تر بەرنامەی ناوبەناویان پێشکەشکردووە، لەوانە: دکتۆرە چرۆ، ژیان محەمەد سەعید[5]، هەردوو خوشک (جیهان و شیلان محەمەد ئیبراهیم)، تابان شێخ عەبدوڵڵا[6]، مهاباد سلێمان، هەردوو خوشکی منداڵ (دنیا و میدیا نیزام)، بەرنامەی منداڵانیان پێشکەشکردووە، هەرلەڕادیۆکەوە، لقی گەرمیانی یەکێتی ژنان بۆ زیاتر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و کارکردن لەبواری ڕاگەیاندندا بەرنامەی ژنانیان دەستپێکردووە، هەردوو کارمەندی ڕادیۆکە (خالیدە مەجید و بەناز خالید) وەک دوو ئەندامی کارای ڕێکخراوەکە لەو ڕووەوە پێشەنگ بوون، بەناز خالید لەنێوان ساڵانی (1998– 2001) دا بەرنامەیەکی بەناوی (دەنگی

ژنان) پێشكەشكردووە، بەرنامەكە زۆرتر پرۆگرامێكی هۆشیاری- كۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی مرۆیی بووە (قادر، 2018، ل14 – 21).

لەپاش كردنەوەی ڕادیۆی گەرمیان، لەلایەن پارتە سیاسیەكانی ترەوە بیر لەدامەزراندنی ڕادیۆی تر بۆ خزمەتی هاوڵاتیانی سنورەكە كراوەتەوە، ڕادیۆی ئازادی سەر بەمحەلی كەركووكی- حزبی شیوعی كوردستان لە(21ی حوزەیرانی 1995) دا بەهەردوو زمانی كوردی و عەرەبی دەستی بەپەخشكردنكردووە، لەو ڕادیۆیەدا ژنان خزمەتیانكردووە و جێدەستیان دیارە، (درەخشان محەمەد عەلی)، وەك یەكەمین بێژەری ژن دامەزراوە و بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك كاریكردووە، پاشتر هەریەك لە(فریشتە عەلی سلێمان، فاتمە مەحموود حەسەن و ڕێژاو عادل حەسەن) وەک پێشكەشكار و دەرهێنەر لەنێوان ساڵانی (1997 -2003)دا كاریانكردووە، ڕێكخراوی كۆمەڵەی ئافرەتانی كوردستان لەڕێگای ڕادیۆكەوە پەیام و دیدگاكانیان بەهاوڵاتیان بەگشتی و ژنان بەتایبەت گەیاندووە (ڕەحیم، 2023، چاوپێكەوتن؛ سلێمان، 2023، پەیوەندی تەلەفۆنی)، یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان لەسنوری گەرمیان، لە(25ی تەموزی 1997) دا دەنگی یەكگرتوو– ڕادیۆی كەلاری لەسەر شەپۆلی AM كردووەتەوە، لەسەرەتاوە هەریەك لە(حەیات محەمەد عەلی وەك بێژەر، ڕێزان عەلی محەمەد وەك مۆنتێر) كاری ڕاگەیاندنیان كردووە، ڕێكخراوی یەكگرتووی خوشكان، بەرنامەی (سەدای خوشكان)یان لەڕادیۆكەوە بڵاوكردووەتەوە هەروەها ژمارەیەك ژنی تر كاری ڕاگەیاندنیان كردووە (وەرزێر، 2020، ل331، 335).

خشتەی ژمارە (2)، ناوی ژنانی ڕاگەیاندنكار لەدەنگی یەكگرتوو- ڕادیۆی كەلار

| ز | ناوی ژنە ڕاگەیاندنكار | پیشە |
| --- | --- | --- |
| 1. | گوڵاڵە عەبدولعەزیز | پێشكەشكار |
| 2. | شنۆ قادر | پێشكەشكار |
| 3. | هەدیە ڕەفعەت | پێشكەشكار |
| 4. | هودا ئەمیر | پێشكەشكار |

لەسەردەمی گەمارۆی ئابوری لەسەرعێراق لەلایەن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەلایەكەوە، هاوكات گەمارۆی حكومەتی عێراق لەسەر كوردستان لەلایەكی ترەوە، لەسایەی شەڕی ناوخۆدا، خەڵكی كوردستان بەگشتی و گەرمیان و كەلار بەتایبەتی بەشێوەیەكی سەخت ژیانیان گوزەراندووە، لەو دەمەدا لەبواری ڕاگەیاندنی بینراودا جگە لەگەیشتنی پەخشی كەناڵە تەلەفیزیۆنەكانی وولاتی ئێران، تەنها كەناڵێكی كوردی پەخشی بەسنوری توێژینەوەكە گەیشتووە (تەلەفیزیۆنی گەلی كوردستان)ی شاری سلێمانی بووە، هاوڵاتیان لەو كەناڵەوە هەواڵ و زانیارییەكانیان وەرگرتووە، لەو بارودۆخەدا لە(19ی ئایاری 1997)دا یەكەمین كەناڵی لۆكاڵی بەناوی (تەلەفیزیۆنی كەلار Kalar TV) لەلایەن كۆمیتەی كەلاری یەكێتی نیشتیمانیەوە دەستی بەپەخشكردنكردووە، حەسەن جیهاد یەكەمین بەڕێوەبەری كەناڵەكە بووە، لەگەڵ ژمارەیەك لەڕاگەیاندنكاری پیاو و ژن پێكەوە كاریانكردووە و پەخشی تەلەفیزیۆنەكە تا ساڵی (2001)، بەردەوام بووە (باجەلان، 2011، ل137).

لەتەلەفیزیۆنی كەلاردا شانبەشانی پیاوان، ژنان توانیویانە كاری ڕاگەیاندن بەئەنجام بگەیەنن، بەدریە محەمەد[7] وەک یەكەمین ژنی ڕاگەیاندنكار لەبواری تەلەفیزیۆندا دەركەوتووە، ئەو ژنە ڕاگەیاندنكارە لەسەرەتای پەخشی كەناڵەكەدا دەستبەكاربووە و ژمارەیەك بەرنامەی ئامادە و پێشكەشكردووە، بەرنامەی: ڕۆژانەی تەلەفیزیۆن، كشتوكاڵ، ڕیپۆرتاژ، مێزگرد و پرسیار و دیاری...، پاش ئەویش، جیهان محەمەد ئیبراهیم هاتووەتە كەناڵەكە و وەک جووت ژنی ڕاگەیاندنكار كاریانكردووە، پاشتر چەند كچ و ژنێكی تر بەرنامەیان پێشكەشكردووە، لەوانە (خالیدە مەجید، بەناز خالید و ژیان محەمەد سەعید)، ڕاگەیاندنی كۆمیتەی كەلاری یەكێتی ژنانی كوردستان پەیامەكانیان لەڕێگای بەرنامەیەكی تایبەتەوە بەژنانی سنورەكە گەیاندووە، هەریەک لەتابان شێخ عەبدوڵلا، گوڵاڵە عەزیز[8] لەو ڕووەوە ڕۆڵیان هەبووە، گوڵاڵە عەزیز توانیویەتی بەرنامەیەک لەسەر پرسی مافی مرۆڤ ئامادە و پێشكەش بكات، ژیان محەمەد سەعید پرۆگرامێكی تایبەتی لەسەر پرسی ئەنفال ئامادە و پێشكەشكردووە، بەرنامەكە بۆ كۆژانی ژنانی قوربانی ئەنفال و كەسوكاریان تەرخانكراوە، دەركەوتنی ژنان لە تەلەفیزیۆن بۆ ئەو سەردەمە كارێكی بڤە و عەیبە و دوور لەدابونەریت بووە، هەربۆیە ژنانی ڕاگەیاندنكار تووشی ڕێگری و تانەوتوانجی كۆمەڵایەتی بوونەتەوە، بەڵام ئەوان بەهاوكاری كەسوكاریان توانیویانە بەسەر كۆسپەكاندا زاڵ بن و لەكاری ڕاگەیاندن بەردەوام بوون (سەعدوڵلا، 2023، چاوپێكەوتن).

کارکردنی ژنان لەڕادیۆ و تەلەفیزیۆنە لۆکاڵیەکاندا دەرگای لەسەر پشت بۆ کردونەتەوە کەهەوڵی بەرەو پێشچوون بدەن و لەڕاگەیاندن و کەناڵەکانی سەنتەردا کاربکەن، پاش بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)ی زمانحاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان– ئیدارەی سلێمانی، ژمارەیەك ڕۆژنامەنووس تێیدا کاریانکردووە، ڕاگەیاندنکار (ژیان محەمەد سەعید)، وەك پەیامنێری ڕۆژنامەکە لەسنوری گەرمیان و کەلاردا دەستبەکاربووە، لەمێژووی کاری ڕاگەیاندن لەشارەکەدا بووەتە یەکەمین ڕۆژنامەنووسی ژن کاری پەیامنێری بۆ ڕۆژنامەیەکی سەنتەر بکات، یەکەم کاری ڕۆژنامەنووسی ژیان محەمەد سەعید بۆ ڕۆژنامەکە خۆی لەناردنی هەواڵی ڕۆژنامەوانییدا بینیوەتەوە، لەژمار (36) ی (4ی حوزەیرانی 1997) دا چەند هەواڵێکی سنوری گەرمیان و کەلاری ئامادەکردووە (هەرێمی کوردستان، 1997، ل2)، ئەو ژنە ڕۆژنامەنووسە چەندین کاری جۆربەجۆری ڕۆژنامەنووسی ئامادەکردووە، خۆی لەئامادەکردنی (هەواڵ، ڕیپۆرتاژ و بەدواداچوون، چاوپێکەوتن و نووسینی ووتار)دا بینیووەتەوە، هەر لەسەرەتای کارکردنیدا هەستاوە بەئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێک لەسەر بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئەوەی جێگای سەرەنجە، لەئامادەکردنی ڕیپۆرتاژەکەدا بەتەنها لایەنە پۆزەتیفەکان نەخراوەتەڕوو، بەڵکو باس لەکەموکوڕییەکانیش کراوە کەبەشەکە بەدەست چەند کەموکوڕیەوە گرفتاربووە (سەعید، ژ: 44، 1997، ل5).

کاتێک لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان هەڵدەدەیتەوە، ئەوەی لەکارەکانی ژنە پەیامنێرەکەی کەلاردا بەرچاووکەوتوون، جگە لەکایە جۆربەجۆرەکان کەکاری ڕۆژنامەنووسی لەسەر ئەنجامداوە، بەڵام پرس و ئاریشەکانی ژنان و ئەنفال بایەخی تایبەتی پێدراوە و لەو ڕووەوە هەوڵیداوە لەکارەکانیدا ڕەنگبداتەوە، (گەرمیان و بیرەوەرییەکانی ئەنفال) یەکێکە لەکارە ڕۆژنامەوانیەکانیی، تێیدا ژمارەیەك هاووڵاتی کەسوکاری ئەنفالی بەسەر کردووەتەوە بەتایبەت ژنان لەمەرگەساتی ئەنفال گەڕاونەتەوە و چیرۆکەکانی خۆیان گێڕاوەتەوە (سەعید، ژ: 82، 1997، ل5)، لەکارە ڕۆژنامەوانیەکانیدا ئەوە بەدیدکراوە باسی لەکێشە هەنووکەیەکانی کەسوکاری ئەنفالی کردووە لەڕێگایەوە هانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی داوە بەهانایانەوە بچن بەتایبەت ئەو سەردەمە ژمارەیەك ڕێکخراوی خێرخوازی بیانی لەکوردستان کاریانکردووە (سەعید، ژ: 95، 1997، ل5)، پرس و باسوخواستی ژنان گرنگی و ڕۆڵی خۆی هەبووە، لەبەدواداچونێکی ڕۆژنامەوانی تایبەتدا تیشکی خستووتە سەر خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ژنان لەگەرمیان، ئەو خولانەی بەگرنگ بۆ ژنان وەسفکردووە بەتایبەت بەهۆی ئەوەی لەپێشتردا ژنانی سنورەکە بەهۆکاری جۆربەجۆر نەیانتوانیووە ڕوو لەناوەندەکانی خوێندن بکەن (سەعید، ژ: 307، 1997، ل4)، "لەکەلار یەکەمین کچ پەیمانگای هونەرەجوانەکانی تەواو کرد"، ئەوە ناونیشانی یەکێک لەدیدارەکانێتی بۆ ڕۆژنامەکە، ڕۆڵی ژنی تێدا خستووەتە بەرباس کەخاتوو (شیلان ساڵح)ی لەدایکبووی ساڵی (1979)، توانیویەتی بەشی شێوەکاری تەواو بکات و بەشداری لەپێشانگاکاندا کردووە (سەعید، ژ:325، 1997، ل8).

هەنگاوەکانی ژنانی قەزای کەلار لەبواری ڕاگەیاندندا تەنها لەکەناڵە لۆکاڵیەکانی سنورەکەدا قەتیس نەبووە، بەڵکو هەردوو ژنە ڕاگەیاندنکار (بەناز خالید، خالیدە مەجید)، وەک دوو ژن کاری پەیامنێریان لەبواری تەلەفیزیۆنی سەنتەردا کردووە، بەناز خالید لەساڵی (1999)دا وەک یەکەمین ژنی قەزاکە بووەتە پەیامنێری (تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان)، لەماوەی کارکردنیدا توانیویەتی دەیان هەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوون ئامادە بکات، بەشی زۆری کارەکانی بۆ بەرنامەیەکی ڕۆژانەی تەلەفیزیۆنەکە بووە بەناوی (ئەم کاتەتان باش)، لەبەرنامەکەدا زۆرجار کێشە و کەموکوڕیەکانی سنوری کەلار و گەرمیان خراوەتە بەرباس، بەتایبەت کێشەی ژنانی کەسوکاری ئەنفال. پاش ئەوەی کەناڵی ئاسمانی (کوردسات)، لەسەرەتای ساڵی (2000) دا دەستی بەپەخشکردووە، ژنە ڕاگەیاندنکار (خالیدە مەجید) لەسەرەتای دامەزراندنی کەناڵەکەوە بووەتە پەیامنێریان، هەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوونەکانی بۆ کەناڵەکە ناردووە و پەخشبووە (خالید، 2023، چاوپێکەوتن).

ژنانی ڕاگەیاندنکار لەکەلار بەشی زۆری ئەوانەی لەڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکاندا کاریانکردووە، پاشتر لەڕێگای ڕۆژنامەکانەوە دەستیان بەنووسین کردووە و لەو ڕێگایەوە ویستویانە پەیامەکانیان بگەیەنن بەتایبەت تیشکیان خستووتە سەر پرس و کێشەکانی ژنان و ئەنفال، گوڵاڵە عەزیز لەڕۆژنامەی هەرێمی کوردستاندا ووتارێکی لەژێر ناوی (ئەو دەمەی ژن هاوسەر و هاوڕێت بێت)دا نووسیوە، لەووتارەکەدا باسی لەپیاوێکی بەهرەداری نابیناکردووە کەچاوەکانی لەدەستداوە و بەهاوکاری هاوسەرەکەی توانیویەتی چەندین بابەت بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بنووسێت، گوڵاڵە لەووتارەکەیدا باسی لەژن وەک ڕەگەزێکی هاوکار لەژیاندا کردووە (گەرمیان، 1999، ل7)، لەبەدواداچوونێکی ڕۆژنامەنووسیدا، ئەو ژنە ڕاگەیاندنکارە تیشکی خستووەتە سەر ئێش و ئازاری ژنانی کەسوکاری ئەنفال، لەبەدواداچوونەکەدا باسی لەنەهامەتیەکانی چەند ژنێک لەکاتی پرۆسەی ئەنفالدا کەبراونەتە زیندانی نوگرەسەلمان و پاشتر ئازادکراون و لەناحیەی ڕزگاری دانیشتوون کردووە، ژنان دەردەسەری و نەهامەتیەکانی زیندانیان گێڕلوەتەوە (گەرمیان، 2001، ل5).

تابان شێخ عەبدوڵڵا(تابان گەرمیانی)، لەڕێگای پەڕەی ڕۆژنامەکانەوە دیدوپەیامەکانی خستووتەڕوو زۆرتر هەوڵیداوە جۆرە یەکسانیەک لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا بدۆزێتەوە، لەگەڵیشیدا پەرژاوەتە سەر نەهامەتیەکانی ژنان بەتایبەت ژنانی

کەسوکاری ئەنفال، یەکەم ووتاری لەژێر ناونیشانی (گەشتێك بەنێو ئازاری ژنانی کەسوکار ئەنفال کراودا) لەرۆژنامەی کوردستانی نوێ لە(2ی ئایاری 2000)دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها ووتارێکی دیکەی لەژێر ناونیشانی (خوێندنەوەیەکی تر بۆ ژنان و مەسەلەی ئازادییان) نووسیووە، تێیدا تیشکی خستووەتە سەر ئازادی و تێڕوانینی تاکەکان بۆ ئەو چەمکە، پاشتر ئازادی ژنی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا خستووەتە بەرباس، لەبەشێکییدا نووسیویەتی: "جیاوازی نێوان نێرومێ هەر لەدایکبوونەوە وەک پرۆسەیەک شەرعیەتی وەرگرتووە، بەمەیش کاریگەری زۆری بووە لەسەر کەسایەتی ژن"، کۆتای ووتارەکەی بەوەهێناوە، ئازادی بەدەست دەهێنرێت و نابەخشرێت. تابان گەرمیانی لەنێوان (ئایاری 2000 – ئازاری 2003)دا (16) ووتاری تایبەت بەئاریشە و پرسەکانی ژنانی لەهەردوو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ژیانەوە[9] دا بڵاوکردووەتەوە (گەرمیانی 2021، ل7).

ئەوەی جێگای سەرنجە لە(15ی تەمووزی 2001) دا هەریەک لەڕاگەیاندنکاران (گوڵاڵەی گەرمیان، ژیان محەمەد سەعید و تابان شێخ عەبدوڵڵا) لەووتارێکی هاوبەشدا گلەیی نامەیەکیان بۆ ڕای گشتی بڵاوکردووەتەوە، ئەوەیش پاش ئەوەی ئەوان لەڕێگای (سالار حەمەسور)وە یاداشتێکیان بەناوی ئەدیب و نوسەران و کەسوکاری ئەنفالەوە بۆ ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەجینۆساید و قوربانیانی ئەنفال بەرزکردوەتەوە، بەڵام پاشتر ئەو کارە بەئاراستەیەکی تردا براوە، هەربۆیە ئەو سێ ژنە ڕاگەیاندنکارە بەهاوبەشی ئەو گلەی نامەیەکیان نووسیوە و بڵاوکراوەتەوە (کوردستانی نوێ، 2001، ل7)، ئەوەی جێگای باسە و پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت، جگە لەکاری ڕاگەیاندن، ژمارەیەك ژن لەو قۆناغەدا لەقەزاکەدا لەبواری ئەدەبیدا چالاك بوون و کاری نووسین و وەرگێڕانیان ئەنجامداوە (باوەڕ، 2023، چاوپێکەوتن).

خشتەی ژمارە (3)، ناوی ژنانی ئەدیب لەکەلاردا

| ز | ناوی ژنانی ئەدیب | بوار |
|---|---|---|
| 1. | سارا ئەفراسیاو | چیرۆکنووس |
| 2. | ناسك شێخ محەمەد شاکەلی | نووسەر |
| 3. | نەسرین شاکەلی | نووسەر |
| 4. | کەژاڵ حسێن فەتاح | نووسەر |
| 5. | پەری محەمەد شاکەلی | وەرگێر |
| 6. | ئاواز فاتح جاف | وەرگێر |

لەناحیەی پێباز (باوەنور)ی سەر بەقەزای کەلار، دوو ژنە ڕاگەیاندنکار لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا دەستیان بەکارکردووە، ئەوانیش هەریەک لە(مژە مەحموود جاف، سوعاد محەمەد عەزیز) بوون، مژدە مەحموود جاف لەڕێگای ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستانەوە چەند کارێکی ڕۆژنامەنووسی کردووە، لەگەڵیشیدا دەستی بەبڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی کردووە و لەڕووپەڕی ڕۆژنامەکەدا بەدیکراون، لەسەرەتای (ئایاری 2001)دا یەکەمین هەواڵی ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕۆژنامەکە لەژێر ناونیشانی (پێشنگایەک لەپێباز) دا ناردووە، تێیدا تیشکی خستووەتە سەر ئەو چالاکیە هونەرییە لەلایەن ئەو دواناوەندییەوە کراوەتەوە (جاف، 2001، ل8)، سوعاد محەمەد عەزیز لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا لەناحیەکەوە بەهەواڵ و ڕاپۆرت دەستی بەکاری ڕۆژنامەنووسی کردووە، یەکەم کاری ئەو خاتوونە خۆی لەبەدواداچوونێکی ڕۆژنامەنووسیدا لەژێر ناونیشانی (پردی تۆڤگە– مەیدان پێویستی بەچاککردن هەیە) بینیووەتەوە (عەزیز، ژ: 2457، 2001، ل4)، لەکارێکی تری ڕۆژنامەنووسیدا بەدواداچوونێکی ووردی لەسەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ناحیەکە کردووە، لەبەشێکی بەدواداچوونەکەدا قسەی لەسەر کەموکوڕی و گرفتەکان و ئاسۆکانی چارەسەرکردنی کردووە، ئەو ژنە ڕاگەیاندنکارە زۆرتر لەکارە ڕۆژنامەنووسیەکانیدا تیشکی خستووەتە سەر لایەنی خزمەتگوزاری و کەموکوڕییەکانی ناحیەی پێباز لەپێش پرۆسەی ئازادی عێراقەوە (عەزیز، ژ: 2474، 2001، ل4).

**تەوەری سێیەم**

**ڕۆڵی ژنان لەبواری ڕاگەیاندن لەکەلاردا و دامەزراندنی ڕادیۆی تەوار (2003 – 2011)**

لە(9ی نیسانی 2003)دا هێزی هاوپەیمانان توانیان ڕژێمی بەعس لەعێراق لەسەرکار لابەرن، لەناوەندە میدیاییەکاندا بە(پرۆسەی ئازادی عێراق) ناوزەندکراوە، لەو مێژووە بەدواوە هەرێمی کوردستان بەقۆناغێکی نوێدا گوزەری کردووە و بەهۆیەوە سەردەمێکی تازە هاتووەتە کایەوە، پاش (نیسانی 2003)، بەشی زۆری سێکتەر و کایەکانی ژیان بەخێرای دەستیان

بەگۆڕانكاری كردووە، گۆڕانكارییە خێراكان كاریگەری لەسەر ڕاگەیاندن بەگشتی و پرسی ژنان بەتایبەتی هەبووە، كەلار وەك یەكێك لەقەزاكانی هەرێمی كوردستان بەدەر لەگۆڕانكارییەكانی پاش پرۆسەی ئازادی عێراق نەبووە، لەبواری ڕاگەیاندندا سەردەمێكی تازە دەستیپێكردووە بەسەردەمی زێڕینی بوارەكە لەسنورەكەدا ناوزەندكراوە، بووەتە هۆی دەمەزراندنی چەندین كەناڵی ڕاگەیاندنی نوێ و دەرچوونی ژمارەیەك ڕۆژنامە و بڵاوكراوە بەتایبەت لەبواری ڕاگەیاندنی ژناندا (گەرمیانی، 2017، ل18).

لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان و عێراق، یەكەمین ڕادیۆی تایبەت بەژنان لەكەلار بەناوی (ڕادیۆی تەوار) دامەزراوە، ڕادیۆكە لەسەرەتاوە لەسەر سیستەمی AM لە(4ی تشرینی یەكەمی 2003) دا بەشێوەی ئەزموونی دەستی بە پەخشكردنكردووە، لە(4ی تشرینی دووەم)ی هەمان ساڵدا پەخشی ئاسایی دەستپێكردووە، ڕادیۆكە سەر بەڕاگەیاندنی (یەكێتی ژنانی كوردستان) لەگەرمیان بووە، ئەو ڕادیۆییە پرۆژەی هاوبەشی نێوان (ڕێكخراوی NPAی نەرویجی و ڕاگەیاندنی یەكێتی ژنانی كوردستان) بووە، لەپڕوشەری پرۆژەكەدا كەرێكخرای NPA چاپ و بڵاوی كردووەتەوە، هاتووە "ڕادیۆی تەوار، شوێنی پرۆژە: كەلار– گەرمیان، ماوەی پرۆژە: 2003/10/4 دەستیپێكردووە، هاوبەشانی كارەكە: ڕێكخراوی NPA و یەكێتی ژنانی كوردستان، دۆنەری پرۆژە: NPA، گروپی مەبەست: دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان، بیرۆكەی پرۆژە: دامەزراندنی ڕادیۆیەكی تایبەت بەڕەگەزی مێ، كەوتارەكانی ئاراستەی دانیشتوان بكات و بەشداری ئەركی بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بكات و هاندەر بێت بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی توانای مێینە لەهەموو بوارەكانی ژیاندا" (پرۆژەی ڕادیۆی تەوار، 2004، ل1).

سەبارەت بەئامانج و ئەنجامەكانی پرۆژەكە لەپڕوشەری ڕادیۆكەدا، بۆ ئامانجەكان نووسراوە: بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاریی پیاوان و ژنان سەبارەت بەمافەكانی ڕەگەزی مێ و ڕۆڵی ئەو ڕەگەزە لەكۆمەڵگادا، چارەسەركردنی كێشە تەندروستی و كۆمەڵایەتی و دەروونییەكانی مێینە، كەمكردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر مێینە، بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانیاری خەڵك بەشێوەیەكی گشتی، سەبارەت بەئەنجامەكان هاتووە "ڕادیۆی تەوار ڕۆژانە شەش كاتژمێر پەخش دەكات، سنووری پەخشكردنی ئەم ناوچانەی گرتووەتەوە: خانەقین، كەلار، كفری، جەلەولا، لادێكانی گەرمیان، پەروێزخان، باوەنوور، دەربەندیخان، دووز تا چیای حەمرین. لەماوەی كاركردنیدا ڕادیۆی تەوار سەرنجی زۆر لەدانیشتووانی ڕاكێشاوە و ناوبانگێكی باشی پەیداكردووە، ئەوەش بەهۆی هەمەڕەنگیی بابەتەكانییەوە، كەئاراستەی سەرجەم تەمەنەكان دەكرێن و پشتی بەستووە بەبابەت و توانا ناوخۆییەكانی ناوچەكە، بەشداریكردنی ڕاستەوخۆی مێینە لەبەرنامەكانی ڕادیۆكەدا لەڕێی تەلەفۆن و نامەوە، چارەسەركردنی زۆر لەكێشەكانی مێینە لەڕێی بەرنامەكانەوە، جگە لەڕۆڵی كارمەندانی ڕادیۆكە لەچارەسەركردنی هەندێك كێشەدا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ" (پرۆژەی ڕادیۆی تەوا، 2004، ل2 - 3).

ڕادیۆی تەوار بۆ ماوەی دە ساڵ وەك ڕادیۆیەكی تایبەتمەند بەچەند قۆناغێك لەپەخشكردن بەردەوام بووە و پرۆژەكە بەردەوام بەرەو گۆڕانكاری نوێ چووە، لەسەرەتاوە سەر بەلقی گەرمیانی یەكێتی ژنانی كوردستان بووە، بەڵام پاشتر بەستراوەتەوە بەڕاگەیاندنی ڕێكخراوەكە و ئەوانیش گرنگی زۆریان پێداوە، پاشتر سیستەمی پەخشەكەی بۆ FM گۆڕاوە و كات و مەوداكەیشی زیادكراوە، یەكەم بەڕێوەبەری (تابان شێخ عەبدوڵڵا) بووە وپاشتر جیهان محەمەد بووەتە بەڕێوەبەری ڕادیۆكە ڕۆژانە بەدروشمی (لە پێناو كۆمەڵگەیەكی باشتر) بەرنامەكانی دەستپێكردووە، جگە لەژنان، ژمارەیەك پیاویش لەو كەناڵە ڕاگەیاندنەدا كاریانكردووە و بەرنامەكانیان ئامادە وپێشكەشكردووە، ستافی ژنانی ڕادیۆكە كە بەهەردوو زمانی كوردی و عەرەبی پەخشیكردووە، بەو شێوەیەی خوارەوە بووە: (گەرمیانی، 2015، ل161 -162؛ حەمەخان، 2007، ل46 -47).

خشتەی ژمارە (4)، ستافی ژنانی ڕادیۆی تەوار

| ز | ناوی ستافی ژنان | كار |
|---|---|---|
| .1 | جیهان محەمەد | بێژەری كوردی |
| .2 | مژدە مەحموود جاف | بێژەری كوردی |
| .3 | جوان ئەحمەد | بێژەری عەرەبی و كوردی |
| .4 | شیلان محەمەد | بێژەری كوردی |
| .5 | سەمیرە فەتاح | بێژەری عەرەبی |
| .6 | جوان حەسەن | پرسگە |
| .7 | گوڵباخ حەسەن | بێژەری كوردی |
| .8 | شەهلا عەزیز | بێژەری كوردی |
| .9 | ڤیان سابیر | مۆنتێر |

| | | |
|---|---|---|
| .10 | وەفا مەجید | مۆنتێر |
| .11 | پەیمان مەحموود | مۆنتێر |
| .12 | ئارەزوو عەلی | بێژەری کوردی |
| .13 | پەیام عەبدوڵڵا | بێژەری کوردی |
| .14 | سروە جەوهەر | ڕاوێژکار |
| .15 | دڵنیا حەمید | بێژەری کوردی |
| .16 | بوشرا کەریم | مۆنتێر |
| .17 | کەژاڵ محەمەد | کارگێری |
| .18 | خەڵات ڕەحیم | پێشکەشکاری بەرنامەی منداڵان |
| .19 | شێنێ والی | پێشکەشکاری بەرنامەی منداڵان |

ڕادیۆی تەوار بەبێ جیاوازی خزمەتی بەچین و توێژەکان و پرسەکانی ژنان لەسنوری گەرمیان کردووە، بەپلەبەندی گۆڕانکاری لەشێواز و سنور و جۆری پەخشەکەیدا کراوە، گەر بەنموونە ساڵێکی کارکردنی وەربگرین، دەبینین تەنها لەماوەی یەک ساڵ (4ی تشرینی دووەمی 2007– 4ی تشرینی دووەمی 2008)دا (2000) دوو هەزار بەرنامە، (13000) سیازدە هەزار هەواڵی پێشکەشکردووە، (سەکۆی تەوار) یەکێک لەبەرنامە هەمیشەیەکان بووە، لەو ساڵەدا (23) ئەڵقەی لێپێشکەشکراوە و تێیدا باس لەئاریشە و بابەتە جۆربەجۆرەکانی تایبەت بەژنان بەمیوانداری کەسانی شارەزا و بەئەزموون کراوە، جگە لەئاریشەکانی ژنان، ڕادیۆیەکە گرنگی بەکێشە و خزمەتگوزارییەکانی کەلار و گەرمیان داوە، بۆ ئەو مەبەستەیش بەرنامەیەکی هەفتانەی بەناوی (چاوی شار)وە هەبووە و لەماوەی ئەو ساڵەدا (40) ئەڵقەی لێپێشکەشکراوە، هەر لەو ماوەیەدا ڕادیۆیەکە چەندین بەرنامەی تری پێشکەشکردووە کەبابەتەکانی ژنان تێیدا ڕەنگیان داوەتەوە، لەوانە (وەرزش، ئەدەب و هونەر، نەورەس، هەر جارە ژنێک...)، جگە لەگۆشە و بەرنامەی ڕۆژانە کەپێشکەشکراوە، لەوانە: بەیانیت باش، ئاسۆی یەکسانی، بەندەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی...، گرنگی بەهەواڵ بەتایبەت هەواڵی لۆکاڵی دراوە، لەماوەی ساڵەکەدا ڕادیۆکە (13000) هەزار هەواڵی پێشکەشکردووە، (2952) هەواڵی تایبەت بەخۆی بەرهەمی هێناوە، (800) هەواڵی تایبەت بەژنان، (3068) هەواڵیشی تایبەت بە ناوچەی گەرمیان بووە (ژیانەوە، 2008، ل3).

بەدەر لەکاری ڕاگەیاندن، ڕادیۆی تەوار لەچەند بوارێکی تردا کاریکردووە، لەمانگی (ڕەمەزانی 1428ک/تشرینی یەکەمی 2007ز)، لەڕێگای بەرنامەی (ساتێک لەگەڵ ڕۆژووانادا) سندوقێکی کۆکردنەوەی کۆمەکی بۆ هەژاران ڕاگەیاندووە، لەڕێگای بەرنامەکەوە هەژاران ناوی خۆیان تۆمارکردووە و پاشتر لەلایەن دەوڵەمەند و خێرخوازانەوە هاوکاری (80) خێزانی کەم دەرامەتی پێکراوە (حەمەی پور، 2007، ل1)، لەڕۆژی جیهانی ژنان لە(8ی ئازاری 2008)دا ڕادیۆکە هەستاوە بەئەنجامدانی ڕاپرسیەک لەناو ژنانی کەلاردا، سەبارەت بەزانیارییان لەسەر ڕۆژی (8ی مارس)، بەپێی ڕاپرسیەکە لە(28%)ی ژنانی بەشداربوو زانیاریان لەسەر ڕۆژەکە نەبووە، ئامانج لەڕاپرسیەکە بۆ بەئاگایی ڕەگەزی مێ لەسەر ئەو ڕۆژە و هەوڵی ڕێکخراوەکان و ڕاگەیاندنی تایبەت بەژنان بووە کەبزانرێت تاچەند لەو ڕووەوە کاریانکردووە و کاریگەربوون (ژیانەوە، 2008، ل3)، لە(کانوونی دووەمی 2009)دا تۆڕی ژنپارێزی گەرمیان WPNG بەبەشداری (12) ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگای حکومی، بەمەبەستی هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لەتوندوتیژی دژ بەژنان ڕاگەیەنراوە، ڕادیۆی تەوار وەک تاکە کەناڵی ڕاگەیاندن لەو تۆڕەدا بەشدار بووە، بەو پێیەی ڕادیۆکە تایبەت بەژنان بووە، لەتۆڕەکەدا ڕۆڵی کارای هەبووە و نوێنەریان کراوەتە ووتەبێژ، یەکەمین کار و داواکاری تۆڕی ژنپارێزی گەرمیان بریتیی بووە لەدروستکردنی پەناگە (شەڵتەر)یک بۆ ژنانی هەڕەشەلێکراو لەسنوری ئیدارەی گەرمیان و ئەوەیشیان وەک داواکارییەک ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کردووە (تۆڕی ژنپارێزی گەرمیان، 2009، ڕاگەیاندن).

ساڵی (2004)، لەکەلار سەردەمی زێرینی کاری ڕۆژنامەنووسی بووە و ژنانیش ڕۆڵی کارایان بینیووە، ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی ژن لەبواری نووسیندا لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەنتەری شارەکانی وەک (سلێمانی، کەرکووک، هەولێر)دا کاریانکردووە، لەقەزاکەدا ژمارەیەک ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی لۆکاڵی دەرچوونە و شانبەشانی پیاوان، ژنانی ڕاگەیاندنکار کاری ڕۆژنامەنووسیان تێیاندا کردووە، ژمارەیەک ژن لەستاف و دەستەی نووسەراندا ناویان هاتووە، لەژمارە دووی (20ی ئازاری 2004)ی مانگنامەی لۆکاڵی (بەرەوشار)دا، مژدە مەحموود جاف ناوی لەدەستەی نووسەراندا بووە، لەمانگنامەکەدا ژمارەیەك کاری ڕۆژنامەنووسی بەئەنجام گەیاندووە (بەرەوشار، 2004، ل8)، ژنە ڕاگەیاندنکار سروە جەوهەر لەوەرزە گۆڤاری (کەلار)دا لەژمارە دووی (ئازاری 2004)دا ناوی وەک دەستەی نووسەران هاتووە، لەو ژمارەی گۆڤارەکەدا چەند کارێکی

بڵاوکراوەتەوە، لەوانە: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی کەلار، ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لەسەر زیندانیە سیاسییەکانی سنورەکە (جەوهەر، 2004، ل2 ،4)، لە(1ی نیسانی 2004) دا لقی گەرمیانی–یەکگرتووی قوتابیان بڵاوکراوەیەکی مانگانەی بەناوی (ئەفراندن)وە دەرکردووە، سارا مەجید ناوی لەدەستەی نووسەراندا هاتووە، لە(15ی تەمووزی 2004) دا مانگنامەی (کەنار) بڵاوکراوەتەوە، سوعاد حاتەم[10] و پەیمان ئەمین وەک دەستەی نووسەران کاریانکردووە (کەنار، 2004، ل4).

لەکەلار لەپاش دەرکردنی ژمارەیەک بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤاری گشتی، ژنانی ڕاگەیاندنکار بیریان لەدەرکردنی پاشکۆ و ڕۆژنامەی تایبەتمەند بەخۆیان کردووەتەوە، ئەوەیش دەرخەری ئەو ڕاستییە لەو قۆناغەدا ژنانی ڕاگەیاندنکار ڕۆڵی زیاتریان هەبووە و بڕوا و متمانەیان بەخۆ بووە لەوەی کار لەسەر ڕاگەیاندنی تایبەت بەژنان بکەنەوە، (شەوباتی 2006)، یەکەمین پاشکۆی ڕۆژنامەی ژنان لەسەر ئاستی گەرمیان و کەلار بەناوی (کەناری ژن) بڵاوکراوەتەوە، لەپەڕەی یەکەمی پاشکۆکەدا نووسراوە (پاشکۆیەکی ژنانەی تایبەتی مانگنامەی کەنارە، سەرپەرشتیار: سوعاد حاتەم، ستافی نووسین: پەیمان ئەمین، چنور بەرزنجی)، ئەو پاشکۆیە بەچوار لاپەڕەی ڕەش و سپی دەرچووە، لەپەڕەی یەکییدا چەند هەواڵ و ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە، لەوانە: ڕاپۆرتێک لەسەر ژنێکی پێشمەرگە و کەسوکاری ئەنفال لەژێر ناونیشانی (فەیمە کۆچەری ئەو پێشمەرگەیەی بۆ ساتێک دانەبڕا) بڵاوکراوەتەوە (حاتەم، ژ: 1، 2006، ل1)، ژمارە (2)ی پاشکۆکە هاوکات لەگەڵ (8)ی مارس (ڕۆژی جیهانی ژنان)دا بووە، ئەوەیش وایکردووە بەشی زۆری بابەتەکان و سەرووتار تایبەت بەو ڕۆژە بێت، سەرووتارەکە ڕەخنەیی بووە لەوەی یادەکە ئەوەندەی ڕوکەشانە لەمەسەلەی ژنانی ڕوانیووە، ئەوەندە نەیپەرژاوەتە سەر کێشەکانی ژنان، هەر لەو ژمارەیدا باس لەئاریشەکانی ژنانی ڕۆژنامەنووس لەگەرمیان و ئاسۆکانی بەردەم چارەسەر بوونیانکراوە (سەروتار، ژ: 2، 2006، ل1).

پاشکۆی کەناری ژن، جگە لەهەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی لەسەر پرس و ئاریشەکانی ژنان بەگشتی و ژنانی سنوری گەرمیان بەتایبەتی، لەگەڵیشدا ژمارەیەک لەکچان و ژنانی ڕاگەیاندنکار بابەتە ڕۆژنامەنووسیەکانیان تێدا بڵاوکردووەتەوە، شانبەشانی ژنان ژمارەیەك قەڵەمی پیاو لەڕۆژنامەکەدا بەدیکراوە، جگە لەستافی ڕۆژنامەکە، ژمارەیەك لەو ژنانەی کارە ڕۆژنامەنووسی و نووسینەکانیان بڵاوکراوەتەوە، بریتین لە: شەیما جەمال، ڕووناک محەمەد، دەریا حسێن، بەهار قادر، شنۆ قادر، هێرۆ محەمەد تاهیر و ڕاز عەبدوڵڵا پاڵانی...، پاشکۆکە بابەتەکانی تەنها تایبەت بەژنانی سنوری کەلار و گەرمیان نەبووە، بەڵکو بەشێک لەکارە ڕۆژنامەوانیەکانیان بۆ دەرەوەی گەرمیان بووە، لەژمارە (5)دا دوو دیداری ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ هەریەک لەمەریەمی کچی قازی محەمەد (1946 – 2020)، ڤینۆس فایەق ئەنجامدراوە، لەدیدارەکەیدا ڤینۆس فایەق باسی لەکاری ڕاگەیاندن کردووە، لەگەڵیشیدا تیشکی خستووەتەسەر ئاریشەکانی بەردەم کارکردنی ژنانی ڕاگەیاندنکار، ئەو پاشکۆیە تەنها (6) ژمارەی لێدەرچووە، لەدوایین ژمارەیدا نووسراوە "کەناری ژن دەبێتە ڕۆژنامەیەکی ئەهلی سەربەخۆی ژنان"، لە(کانوونی دووەمی 2007)دا بەچوار لاپەڕە دوایین ژمارەی بڵاوکراوەتەوە (کەنار، ژ: 5، 2006، ل1 – 2؛ حاتەم، 2018، ل96).

ژنانی ڕاگەیاندنکار لەقەزای کەلار، قۆناغ بە قۆناغ بەرەو پێشەوە چوون و کارەکانیان لەبوارەکەدا نوێگەری پێوە دیاربووە، لەڕۆژی جیهانی ژنان، (8ی مارسی2007)دا یەکەمین ڕۆژنامەی ژنانەی ئەهلی لەگەرمیان بڵاوکراوەتەوە، هاوکات بەهەوڵی ژمارەیەك ژن و کچێکی تری ڕاگەیاندنکار پاشکۆیەکی تری تایبەت بەژنان لەڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی چاپ و پەخشبووە. (بارین) یەکەمین ڕۆژنامەی ژنانەی ئەهلیی گەرمیان، ژمارە (1)ی لە(8ی مارسی 2007)دا بەچوار لاپەڕەی ڕەش و سپی دەرچووە، سوعاد حاتەم ناوی وەک سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن هاتووە، سەرووتاری ژمارە یەکی ڕۆژنامەکە تایبەت بەڕۆژی جیهانی ژنان لەژێر ناونیشانی (لەبارین دا 8ی مارس ڕۆژێک بۆ قسە و یادکردنەوە یان وێستگەیەک بۆ گۆڕان)دا بووە، تێیدا باس لەبەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ژنانی کورد لەو دەمەدا کراوە، ئەوەیش بووەتە هۆی ئەوەی پرس و ئاریشەکانی ژنان هەنگاو بەرەو ئاسۆی چارەسەرکردن بهاوێژێت، مانشێتی ژمارە یەکی بارین بۆ هەواڵێک لەسەر خەڵاتکردنی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە (سەرنووسەری بارین خەڵاتی چالاکترین ژنە ڕۆژنامەنووسی گەرمیانی وەرگرت) تەرخانکراوە، خەڵاتەکە لەلایەن لیژنەی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانی گەرمیانەوە لەڕۆژی ژناندا بەژمارەیەک لەچالاکوانان بەخشراوە (بارین، ژ: 1، 2007، ل1).

سەرنووسەری ڕۆژنامەی بارین- سوعاد حاتەم، لەبارەی بڵاوکردنەوەی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەکەوە نووسیویەتی: "ڕاستیەکەی بۆ من لەدایکبوونی بارین، وەک یەکەم ڕۆژنامەی ژنانەی ئەهلی لەکەلار و گەرمیان، هەمان هەست و چێژی لەدایکبوونی بارینی کچمی هەبوو، ژانی لەدایکبوونی هەردوو بارینەکەش هاوشێوە بوون، ئێمە ڕەنج و هیلاکی زۆرمان بەدیار پیت بەپیتی بابەتەکانی هەر چوار لاپەڕە گەورەکەی ژمارە یەکی بارینەوە کێشا، لەگەڵ دەرچوونی باریندا لیژنەی کاری

هاوبەشـــی ڕێكخراوەكانی ژنان خەڵاتی چالاكترین ژنە ڕۆژنامەنووســـی گەرمیانیان بەبەندە بەخشـــی ئەو ڕێزلێنان و خەڵاتە ڕەمزیەش بۆ من چێژبەخش و جێی شانازیە" (حاتەم، 2018، ل96)، ژمارە (2)ی بارین بە(8) لاپەڕە هاوكاتی ساڵیادی ئەنفال بووە، هەر ئەوەیش وایكردووە جینۆساید و ئەنفالی كورد بەشی زۆری بابەتەكانی ڕۆژنامەكە بگرێتەوە، ژنانی بەجێماوی ئەنفال بەشی زۆری لاپەڕەكانی ئەو ژمارەیان بۆ تەرخانكراوە، لەوانە: ڕێكخراوی بەژین بۆ قوربانیانی پاشماوەی ئەنفال دادەمەزرێ، ژنـانی ئەنفـال و قوربـانیەكی نەبینراو، ژن و نەهامەتیەكـانی ئەنفـال... (بـارین، ژ: 2، 2007، ل 1 -5)، بـارین وەك یەكەمین ڕۆژنامەی ژنان لەگەرمیان تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووە، هەریەک لە(شەیما جەمال، ساجیدە قادر) ناویان وەک ستافی نووسین هاتووە، ژمارە (3) و دوا ژمارەی لە(تەموز)ی هەمان ساڵ چاپبووە، شەیما جەمال بووەتە بەڕێوەبەری نووسین (حاتەم، 2018، ل97).

لە(ئازاری 2007)دا (پاریا) وەک پاشـــكۆی ژنانی مانگنامەی لۆكاڵی گەرمیانی ئەمڕۆ، ژمارە (1)ی بڵاوكراوەتەوە، ئەو پاشـكۆیە بەچوار لاپەڕەی ڕەش و سپی چاپبووە، لەژمارە یەكی پاشكۆكەدا ئەو ژنە ڕاگەیاندنكارانە ناویان وەک ستـاف هاتووە (ســەرپەرشـتیار: سـارا مەجید، دەسـتەی نووسـەران: شـنۆ قادر، ئیمان جەبار)، مانشـێتەكەی تایبەت بەڕاپرسـیەكی ڕۆژنامەكە لەســـەر توندوتیژی بووە، بەپێی ڕاپرســـیەكە لە(73%)ی كچانی گەرمیان ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، لەپەڕەی یەكی پاشـــكۆكەدا پیرۆزبای ئاراســـتەی ژنان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە كراوە، لەخوارەوەی پەڕەی یەكدا نووســـراوە "پاریا یەكەمین ئاوێنەی ئافرەتانی گەرمیان"، هەروەها ئەوەیش هاتووە تاژن ئازاد نەبێت ژیانیش ئازاد نابێت (پاریا، ژ: 1، 2007، ل1)، ئـامـانجی پـاریـا خۆی لەگەیـانـدنی دەنگی ژنـانـدا بینیووەتەوە، هەروەهـا دەركەوتنی قەڵەمی ژن لەڕێگـای بەهرە و نووسـینەكانیانەوە و ژنانیش شـانبەشـانی پیاوان ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیان هەبێت، ژمارەیەك كچ بەناوی خوازراوەوە قسـەیان لەسەر خۆسوتاندن و خیانەتی هاوسەرگیری و بەزۆر بەشودانكردووە، لەڕێگای پاریاوە دەنگ و هاواریان بەرزكردووەتەوە بۆ ئەوەی بەگوێی هاوڵاتیان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەت ژنان و ئافرەتان بگات، ســـەرباری چەندین ئاســـتەنگی كۆمەڵایەتی و كاری ڕۆژنامەنووسی و ئابوری، بەڵام پاشكۆكە (5) ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە و ستافەكەیشی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و چەند كچە ڕاگەیاندنكارێک كاریان تێدا كردووە، لەوانە: نەســـرین جەبار، ئەژین ئەحمەد، هێرۆ محەمەد، هۆكاری ماددی وەک زۆر ڕۆژنامەی تری سنوورەكە بووەتە هۆی وەستانی ئەو پاشكۆ تایبەتەی ژنان (نەوژین، 2020، ل9).

(ژن پـارێزی) وەک پـاشـــكۆیەكی تـایبەت، ژمـارە (1)ی لە(كـانوونی یەكەمی 2008)دا بەچوار لاپەڕەی ڕەنگـاوڕەنـگ بڵاوكراوەتەوە، ئەو پاشـــكۆیە تایبەت بەڕۆژی جیهانی ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤ لەگەرمیان، بەهاوكاری مانگنامەی لۆكاڵی ئایندەی گەرمیان دەریكردووە، پاشـكۆكە ناوی سـتافی لەسـەر نیە، بەڵام ژمارەیەک هەواڵ و ڕاپۆرت و ووتار و وەرگێرانی ســـەبارەت بەتوندوتیژی دژی ژنـان لە خۆگرتووە، مـانشـــێتەكەی تـایبەت بەئـامـاری توندوتیژی دژی ژنـان بووە "لەمـاوەی نۆ مـانـگ لە گەرمیـان (217) حـاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر ژنـان تۆمـار كراوە" (ژن پارێزی، 2008، ل1)، لە(22ی نیسـانی 2009)دا لەگەرمیان كۆنفرانسـی بەرەو بەهێزكردنی پێگەی ژن لەناوەندەكانی بڕیاردا، لەلایەن بەشـــی كاروباری كچـان و ژنـانی مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتیەكـانی (ی.ن.ک)وە ســـازدراوە، لیژنەی ڕاگەیـانـدنی كۆنفرانسەكە، ڕۆژنامەیەكی تایبەتی لەشێوەی بڵاوكراوەدا بەناوی (كۆنفرانس گەرمیان)، تایبەت بەكاروبارەكانی كۆنفرانس چاپ و بڵاوكردوەتەوە، لەگەڵیشـیدا ژمارەیەک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووســی و ووتاری تێدا بڵاوكراوەتەوە، جیهان محەمەد ناوی لەگەڵ ژمارەیەک پیاودا وەک سـتافی بڵاوكراوەكە هاتووە و چەند دیدار و كاری ڕۆژنامەوانی تێدا ئامادەكردووە، هەریەک لە(پەروین عەزیز، شیلان محەمەد ئیبراهیم، شیرین ئەمین و سورەیا شێخ عەبدوڵڵا) ووتاریان تێیدا نووسیوە (كۆنفرانس گەرمیان، 2009، ل1).

ژنانی ڕاگەیاندنكار لەسنورەكە بۆ زیاتر پیشەی بوونیان لەبوارەكە لەسەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستاندا بوونەتە ئەندام، لەڕێگای سەندیكاكەوە پاڵپشتیان بۆ كارەكەیان وەرگرتووە و بەشی زۆریان ئەندامی كارابوون، بەپێی لیستێك لە(12ی تەمموزی 2006)دا لەكۆی (109) ئەندامی وەرگیراوی ســـنوری گەرمیان لەو ســـەندیكایە (9) ژنە ڕاگەیاندنكاری تێدا بووە (لیســـتی ئەندامان، 2006، ژمارە: 1070)، پاش ئەوەی ســـەندیكای ڕۆژنـامەنووســـان لە(10ی ئابی 2008)دا لیژنـەی پشـــتیوانی لەڕۆژنامەنووسانی مێینەی پێكهێناوە، شیلان محەمەد ئیبراهیم وەك نوێنەری گەرمیان لەو لیژنەیە دەستنیشانكراوە، ماوەی چوار ســـاڵ لەلیژنەكەدا نوێنەرەكەی گەرمیان ژمارەیەك كاروچالاكی لەســـنورەكە و ســـلێمانی بەئەنجامگەیاندووە (ڕۆژنامەنووس، 2008، ل252)، بەپاڵپشتی و لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، لەكەلار (4ی كانوونی یەكەمی 2011)، نووسینگەی گەرمیانی سەندیكاكە، سێیەمین كۆنفرانسی خۆی بەبەشداری (88) ئەندام بەڕێوە بردووە، ستافی نووســـینگەكە لەپاش هەڵبژاردن بۆ یەكەمین جار دوو ژنە ڕاگەیاندنكاری لەخۆگرتووە، ئەوانیش هەریەك لە(گوڵباخ حەســـەن، وەفا مەجید) بوون (ڕۆژنامەنووس، 2011، ل364- 365).

نێوان ساڵانی (2010 -2011)، لەکەلار ژمارەیەک کەناڵی ڕاگەیاندنی لۆکاڵی لەهەر سێ بواری (بیستراو، بینراو و نووسراو)دا لەکارکردن بەردەوام بوون، ژنان بەشێوەیەکی کاراتر لەچاو ساڵانی پێشتر هاتوونەتە پێشەوە و ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە، هەریەک لەڕادیۆی تەواری تایبەت بەپرسەکانی ژنان، ڕادیۆکانی تری وەک (گەرمیان، یەکگرتوو و کۆمەڵ)، ژنانی ڕاگەیاندنکار کاریان بۆ کردوون، لە(شوباتی 2010)دا ڕادیۆی دەنگ وەک یەکەمین ڕادیۆی ئەهلی لەسنورکە دەستی بەپەخشکردووە، دیسان ژنان و کچان ڕۆڵی بەرچاویان تێیدا بینیووە، ڕۆژنامە لۆکاڵیەکانی وەک (ئایندەی گەرمیان، گەرمیانی ئەمڕۆ، گەرمیان پۆست...)، ژنان ڕۆڵی سەرەکیان تێیاندا گێڕاوە، لەڕۆژنامەی گەرمیانی ئەمڕۆ لە ستافی نووسیندا ژمارەیەک ژنی ڕاگەیاندنکار کاریانکردووە، لەوانە: شیلان ڕۆژبەیانی، هێرۆ محەمەد، سوعاد بەیگی...، لەهەریەک لەتەلەفیزیۆنە لۆکاڵیەکانی (ئایندە، ئازادی و یەکگرتوو)دا ژمارەیەک ژن خزمەتیان کردووە، لەو قۆناغەدا ئەو ژن و کچانەی لەبوارەکەدا کاریانکردووە هیچیان دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن نەبوون و زۆرتر وەك حەز و خوولیا کاریانکردووە، بۆ نموونە شەرمین عەلی لەنێوان ساڵانی (2008 – 2011)دا بۆ هەریەک لەکەناڵی لۆکاڵی ئازادی- حزبی شوعی لەگەرمیان و تەلەفزیۆنی KNN لەسلێمانی کاریکردووە و دەرچووی بەشی ژمێریاری بووە، لەتەلەفیزیۆنی ئازادی زۆرتر وەک بێژەر دەرکەوتووە و بۆ کەناڵی KNN یش چەندین هەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوونی ئامادەکردووە (ئیسماعیل، 2018، ل6).

**ئەنجام**

پاش بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوە زانستیە بەچەند خاڵێك گەیشتووین:

- کەلار وەك یەکێك لەناوچە ئاوەدانەکانی سنوری گەرمیان خاوەن مێژوویەکی زیندووە، لەڕابردوودا ژنان سەرباری کاری ماڵ وبەخێوکردنی منداڵ، بەڵام لەسەردەمی پاشایەتی عێراقدا ڕۆڵیان دەرکەتووە.
- لەساڵی (1931)دا یەکەمین قوتابخانە کراوەتەوە، کچان شانبەشانی کوڕان خوێندویانە.
- پاش شۆڕشی (14ی تەمووزی 1958)، حەبیبە کەریم بەگی جاف لەبواری ئەدەبی و سیاسییدا ڕۆڵی بینیووە.
- لەبەقەزابوونی کەلار لە(28ی شوباتی 1970)دا ڕۆڵی ژنان بەتایبەت لەبواری وەزیفیدا زۆرتر دەرکەوتووە.
- لەمێژووی هاوچەرخدا جینۆسایدی کورد لەژێر ناوی (ئەنفال) کاریگەری زۆری لەسەر ژنان بەتایبەت ژنانی سنورەکە داناوە و تائێستایش ئەو کاریگەرییە لەهەموو بوارەکاندا بەردەوامە.
- لەنێوان ساڵانی (1991 – 2011)دا سەرباری ڕێگری زۆری کۆمەڵایەتی و قەیرانی ئابوری و ئەمنی، ژنان لەبواری ڕاگەیاندن لەقەزاکەدا لەڕاگەیاندنی بیستراودا دەستیان پێکردووە.
- سۆیبە عوسمان وەك یەکەمین ژنە بێژەری ڕادیۆ دەرکەوتووە، پاشتر ژنان ڕۆڵیان زیاتر بووە و ژمایەك لەژنان هاتوونەتە مەیدان لەبواری ڕاگەیاندنی (بیستراو، بینراو ونوسراو)دا.
- کارکردنی ژنان تەنها بۆ کەناڵە لۆکاڵیەکان نەبووە، بەڵکو لەڕاگەیاندنی سەنتەری شارە گەورەکاندا کاریانکردووە و جێپەنجەیان دیارە، هەر ئەو ژنە ڕاگەیاندنکارانە توانیویانە لەنێو ڕێکخراو و حزبەکاندا کار بکەن و کێشە و پرسەکانی ژنان بخەنە بەرباس.
- ژنانی ڕاگەیاندنکار لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، بەشێوەیەکی کارا هاتوونەتە بواری کارکردنەوە و لەسەرتاسەری عێراق و کوردستان، یەکەمین ڕادیۆی تایبەت بەژنان بەناوی (ڕادیۆی تەوار) لەکەلار دەستی بەپەخشکردنکردووە.
- سەرباری کارکردنی ژنان لەڕاگەیاندنی گشتیدا، بەڵام بیریان لەدەرکردنی ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیان کردووەتەوە، لە(8ی مارسی 2007) دا یەکەمین ڕۆژنامەی ژنان بەناوی (بارین) دەرچووە.
- پرسی ژنانی کەسوکاری ئەنفال لەکاری ژنانی ڕاگەیاندنکاردا ڕەنگی داوەتەوە.
- ژنانی ڕاگەیاندنکار بەشێکیان لەسەر ئاستی سیاسی و ڕێکخراوەیی لەکوردستان چالاکن، بەڵام ڕاگەیاندنە لۆکاڵیەکانی ژنان لەقەزاکە ئەوانەی ناویان لەتوێژینەوەکەدا هاتووە لەئێستادا بەهۆکاری ماددی لەکارکردن وەستاون، بەڵام ژنانی ڕاگەیاناندنکار کارایانە هاتوونەتە بوارەکەوە ولەکارکردن بەردەوامن.

**پەراوێزەکان**

1 - حەبیبە کەریم بەگی جاف (1924- 1997): لەکەلار لەدایکبووە و بە حەبەخان ناسراوە، لەقوتابخانەی کەلار خراوەتە بەرخوێندن، لەیەکەمین دەستەی کچان بووە لەسنوورەکە خوێندوویەتی، لەساڵی(1959)دا بارەگای خەبات لەکەلار کراوەتەوە لەسنووری ئەو ڕێکخراوەدا کاریکردووە، ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ مەحموودی ڕەزا بەگی ئامۆزایدا پێکهێناوە، کاتێك

هاوسەرەکەی چووەتە ڕیزی شۆڕشی ئەیلولەوە، ناچار بووە کەلار بەجێبهێڵێت و بچێتە گوندێکی تر، لەسەر کاری ڕێکخراوەیی لەلایەن پۆلیسی ناحیەی قەرەتەپەوە تووشی لێپرسینەوە و گرتن بووەتەوە، لە(11ی تەمووزی 1997) کۆچی دوایکردووە و لەگۆڕستانی کەلاری کۆن بەخاك سپێردراوە (باوەڕ، 2021، ل154 - 158).

2 - ڕادیۆی دەنگی گەرمیان: لەیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا لە(1ی حوزەیرانی 1993)، بەشی ڕاگەیاندنی– مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوک، ڕادیۆیەکیان بەناوی (ئێزگەی دەنگی گەرمیان) لەسنوری کەلار و دەوروبەری دامەزراندووە، حەسەن جیهان یەکەم بەڕێوەبەری بووە، سەرەتا ڕادیۆیەکە لەسەر شەپۆلی AM بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پەخشی کردووە (کوردستانی نوێ، 1993، ل8).

3 - سۆبیە عوسمان: لەساڵی (1972) لەناحیەی جەلەولا لەدایکبووە، لەساڵی (1975)وە خانەوادەکەیان هاتووەتە قەزای کەلار، لەو قەزاییەدا قۆناغەکانی خوێندنی تا قۆناغی ئامادەی تەواوکردووە، لەساڵی خوێندنی (1991 -1992) چوەتە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، بەڵام پاش یەک ساڵ وازی هێناوە، کاتێک وەک فەرمانبەر لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەلار دامەزراوە لەکاری ڕاگەیاندن بەکاتی وازی هێناوە، پاشتر لەساڵانی (1998 -1999) دا جارێکیتر گەڕاوەتەوە سەر کاری ڕاگەیاندن، لەگەڵێشیدا چەند بابەتێکی لەزمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە، لەساڵی (2023) دا بڕوانامەی ماستەری لەبواری کارگێڕیدا وەرگرتووە و ئێستا فەرمانبەرە لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی/ ڕۆژئاوا (عوسمان، 2023، چاوپێکەوتن).

4 - بەناز خالید سەوزمراد: لە(17ی تشرینی یەکەمی 1977)دا لەکەلار لەدایکبووە، بەشی زمانی ئینگلیزی– پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی کەلاری تەواوکردووە و وەک مامۆستا دامەزراوە، لەساڵی (1997)وە بووەتە ئەندامی یەکێتی ژنان لەگەرمیان و زۆر تر کارەکانی لەبواری ڕاگەیاندندا بووە، لەیەکەمین فیستیڤاڵی فۆلکلۆری گەرمیان لەساڵی (1998) دا لەچالاکی (بوک گواستنەوە لەکوردەوارییدا) ڕۆڵی بوکی بینیووە، هاوکات ژمارەیەك ووتار وکاری ڕۆژنامەنووسی لەڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە، ئەمین ساڵەحی هاوسەری کە پێکەوە کاری ڕاگەیاندنیان کردووە زۆر پاڵپشتی کردووە و بۆ کاری ڕاگەیاندن هانیداوە (خالید، 2023، چاوپێکەوتن).

5 - ژیان محەمەد سەعید: لەساڵی (1969) لەکەلار لەدایکبووە، وەك یەکەمین ژن لەکتێبخانەی گشتی کەلار وەك فەرمانبەر دامەزراوە، چالاکی بواریی کاری ڕێکخراوەیی و ڕاگەیاندن بووە، یەکەمین ژنە لەقەزاکەدا کاری پەیامنێری بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە(حوزەیرانی 1997)دا بۆ ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان) کردووە، لەساڵی (2005)دا بەڕێوەبەری هۆشیاری منداڵانی کەلار بووە، ئێستا فەرمانبەرە لەکتێبخانەی گشتی کەلار (سەعید، 2023، چاوپێکەوتن).

6- تابان شێخ عەبدوڵڵا: لەساڵی (1972) لەخانەقین لەدایکبووە، بە(تابان گەرمیانی) ناسراوە، لەساڵی (1989)دا لەئاوارەیی لەووڵاتی ئێران پەیوەندی بەڕێکخراوی یەکێتی ژنانی کوردستانەوە کردووە، لەپاش ڕاپەڕین لەکەلار نیشتەجێ بووە و لەساڵی (1992)وە کاری حزبی دەستپێکردووە، لەساڵی (1999)دا لەیەکەمین کۆنگرەی یەکێتی ژناندا بەشداریکردووە و کراوەتە لێپرسراوی لقی گەرمیانی ئەو ڕێکخراوە، لەبواری ڕاگەیاندندا ژنێکی چالاکە و ئەندانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، خاوەنی ژمارەیەك کتێبی چاپکراوە، لەوانە: دەستکەوتەکانی ژنانی باشووری کوردستان لەساڵی (2015)چاپکراوە، بریاردەری پێشووی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بووە (عەلی، 2006، ل401؛ گەرمیانی، 2023، چاوپێکەوتن).

7 - بەدریە محەمەد ساڵح: لە(19ی حوزەیرانی 1976) دا لەکەلار لەدایکبووە، بەشی زمانی کوردی– کۆلێژی پەروەردەی لەزانکۆی گەرمیان تەواوکردووە و ئێستا وەك مامۆستا وانە دەڵێتەوە، بەپاڵپشتی باوکی دەستی بەکاری ڕێکخراوەیی کردووە، لەسەرەتاوە لەڕادیۆی دەنگی گەرمیانەوە دەستی بەکاری ڕاگەیاندن کردووە، چالاکی بواری ڕێکخراوەیی وکاری حزبی سنوری گەرمیان بووە، لەتەلەفیزۆنی کەلاردا لە(1ی حوزەیرانی 1997)دا لەساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانیدا پەیامی ئەو حزبەی لەو بۆنەیەدا خوێندووەتەوە، لەچەندین چالاکی تری ڕووناکبیری و ڕاگەیاندندا ڕۆڵی هەبووە، ئەندامی کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك بووە (ساڵح، 2023.، چاوپێکەوتن).

8 - گوڵاڵە عەزیز قادر: لەساڵی (1971) لەگوندێکی سنوری کەلار لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لەزمانی ئینگلیزیدا هەیە، سەرەتای کاری ڕاگەیاندنی لەڕادیۆی دەنگی گەرمیانەوە دەستپێکردووە، کارگێر مەڵبەندی گەرمیان و ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان بووە، لەسەر پشکی یەکێتی نیشتیمانی ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان (یەکەمین ژنە پەرلەمانتار لە سنوری گەرمیان) بووە، لەهەردوو لیژنەی مافی مرۆڤ و ماددەی (140)دا ئەندام بووە، ژمارەیەك کتێبی لەسەر ئەنفال بەتایبەت لەسەر ژنان چاپکردووە (گوڵاڵە عەزیز، https://www.parliament.krd/، ڕۆژی سەردان: 2023/9/5؛ خالد، ttps://newjin.net، ڕۆژی سەردان: 2023/9/5).

9 - ژیانەوە: ڕۆژنامەکە سەرەتا لەلایەن سەنتەری ڕاگەیاندنی ژنانەوە مانگی دووجار لەسلێمانی دەرچووە، ژمارە یەکی لە(19ی حوزەیرانی 1997)دا بڵاوکراوەتەوە، پاشتر بووەتە هەفتەنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕوناکیری تایبەت، یەکێتی ژنانی کوردستان دەریکردووە، هاوژین مەنمی یەکەم سەرنووسەری بووە (نەورۆزی، 2011، ل51).

10 - سوعاد حاتەم ئەحمەد: لە ساڵی (1981) لەکەلار لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لەزمانی کوردیدا هەیە و لە(2ی ئەیلولی 2003) دا وەك مامۆستا دامەزراوە، سەرەتای کاری ڕێکخراوەی لە(نیسانی 1994)دا لەڕێگای یەکگرتووی قوتابیانی کوردستانەوە دەستپێکردووە، پاشتر لەنێوان ساڵانی (2003-2013)دا وەك ئەندام و کارگێری لقی گەرمیان و پاشتر بووەتە ئەندامی سکرتارییەتی ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکان، لەهەریەك لەڕۆژنامەکانی (داهێنان ، ئاینده)دا کاری پەیامنێری کردووە و چەندین نووسینی بڵاوکراوەتەوە، لە(ڕادیۆ و تەلەفیزۆن)ی لۆکاڵی یەکگرتو لەکەلار کاری ڕاگەیاندنی کردووە و ژمارەیەك بەرنامەی ئامادە و پیشکەشکردووە (حاتەم، 2023، چاوپێکەوتن).

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم// بەڵگەنامە**

1 – بڵاونەکراوە

- (1931)، قید عام، سنة الدراسية 1931-1932، رقم (1)، مدرسة كلار الابتدائية: كلار.
- (2006)، ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بۆ/ لقی کەرکوکی– سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بابەت/ لیستی ئەندامان، ژمارە (1070): هەولێر.
- (2010)، ئێزگەی دەنگی گەرمیان، بۆ /سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان– لقی کەرکوك، بابەت/ پشتگیری خانوو سۆبیە عوسمان، ژمارە (89): کەلار.

2 – بڵاوکراوە

- (1943-1944)، باربو، یادگاری یانەی سەرکەوتن، پەیامی تبرعات، چاپخانەی نجاح، ژمارە (1): بغداد.
- (2004)، پرۆژەی ڕادۆی تەوار، Desk of Women Affairs,Norwegian People's Aid main office : Kurdistan – Iraq.
- (2009)، تۆڕی ژنپارێزی گەرمیان WPNG، ڕاگەیاندنی ژمارە (1)، شوێن: ئیدارەی گەرمیان.

**دووەم // چاپکراو و بڵاوکراوەی فەرمی**

1 – بە زمانی عەرەبی

- (1927)، ارادة ملكية، احداث ثلاث نواحي في ليوا كركوك، رقم (1175)، الوقائع العراقية، (24 اب 1927)، العدد (573).
- (1970)، قرار رقم (288)، الوقائع العراقية، العدد (1863).

2 – بە زمانی تورکی عوسمانی

- (1312)، موصل سالنامە: موصل ولايتى.

**سێیەم // نامەی ئەکادیمی (بڵاونەکراوە)**

1 - نامەی ماستەر

- سلێمان، سەباح عەلی (2014)، کەلار (1927 – 1975)، لێکۆڵینەوەیەك لەبارودۆخی سیاسی، کارگێری و ڕۆشنبیری، نامەیەکە پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر کراوە وەك بەشێك لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەمێژووی نوێ و هاوچەرخ: هەولێر.
- عزیز، بیان عبداللە (2023)، بەشداری ئافرەتان لەکایە جوگرافییەکانی شاری کەلاردا، نامەیەکە پیشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی گەرمیان کراوە وەك بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەجوگرافیای مرۆییدا: خانەقین.

**چوارەم // کتێبی بیرەوەری**

- شاکەلی، محەمەد (2012)، قەزای کفری.. شارەدێی کەلار لەپەنجاکاندا وپاسەکەی حاجی 1961-1975، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری: کەرکووك.
- شاکەلی، محەمەد (2016)، پەروەردە و خوێندن لەگەرمیاندا.. 1950-1960، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی: کەرکووك.

- کەلاری، حسێن (2020)، ئامێتە، ب1، چاپخانەی سیما: سلێمانی.
- وەلی، محەمەدی حاجی (2021)، پشکم لەکوردایەتیدا، چ2، چاپخانەی بینای: سلێمانی.

**پێنجەم // کتێب**

1 – بە زمانی کوردی

- باجەڵان، سوارە حەسەن (2011)، مێژووی کەلار، چ1، چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی.
- باوەڕ، ئەحمەد (2019)، گەرمیان و ناوچەی خانەقین لەسایەی وولاتانی گەورە و فەرمانڕەوایانی عێراقدا 1914-1975، چ1، زنجیرە کتێبی گۆڤاری کۆچ: سلێمانی.
- باوەڕ، ئەحمەد (2019)، یانەی سەرکەوتنی کوردان، چ1، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم: سلێمانی.
- باوەڕ، ئەحمەد (2021)، ڕۆژنامەی کوردستان و شوێنی گەرمیان لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا 1898 – 1968، چ1، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی: هەولێر.
- حەمید، ڕزگار حاجی (2019)، کەلار مێژوویەکی دێرین و جوگرافیای شارێکی زیندوو، پێداچوونەوەی: عزالدین جمعە درویش، چ2، چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی.
- سالح، عەدالەت عومەر (2002)، ئەنفال و ئافرەتی کورد، چ1، بڵاوکراوەی ئاراس: هەولێر.
- شەریف، عومەر عەلی (2019)، 100 ناوداری کەرکوک و گەرمیان ، چ1، چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.
- عەلی، ڕووخۆش (2006)، بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان: سلێمانی.
- گەرمیانی، تابان (2015)، دەستکەوتەکانی ژنانی باشووری کوردستان لەنێوان ساڵانی 1992 – 2014، ب1، چ1، چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.
- گەرمیانی، تابان (2021)، ژنانی باشووری کوردستان (کێشە، کەیس، ڕووداو)، چ1، چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.
- مستەفا، ئازاد عەبدولڕەحمان (2009)، ڕاپەڕینی ئازاری (1991) لەباشووری کوردستان، چ1، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی: سلێمانی.
- نەورۆزی، ڕێناس (2011)، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کوردستان، بەراهی: سەرفراز نەقشبەندی، چ2: بەلجیکا.
- وەرزێر، شەریف (2010)، رادیۆ و رادیۆی کوردی، چ1، چاپخانەی چوارچرا: سلێمانی.

**شەشەم // گۆڤار و بڵاوکراوە**

- (1949)، توزی لەسەر گوزەشتی کریم بەگ، گەلاوێژ (گۆڤار)، ساڵی دەیەم، ژمارە (7).
- (2008)، لیژنەی پشتیوانی لەڕۆژنامەنووسانی مێینە پێکهات، ڕۆژنامەنووس (گۆڤار)، ژمارە (15).
- (2011)، ڕۆژنامەنووسانی گەرمیان کۆنفرانسی نووسینگەکەیان سازدەکەن، ڕۆژنامەنووس (گۆڤار)، ژمارە (25).
- جافیك، ژنە (1943)، لایەلایە، گەلاوێژ (گۆڤار)، ساڵی چوارەم، ژمارە (7).
- حاتەم، سوعاد (2018)، چیرۆکی هاتنە دنیای "بارین" یەکەمین ڕۆژنامەی ژنانەی ئەهلی لەکەلار و گەرمیان، یادی کەلار (بڵاوکراوە)، ژمارە (2).
- حەمەخان، گەرمیان (2007)، تەوار یەکەمین ڕادیۆی تایبەت بەژنان لەکوردستان وعێراقدا، زنار (گۆڤار)، ژمارە (10).
- عەلی، مستەفا سەعید (2023)، یەکەمەکانی کەلار، یادی کەلار (بڵاوکراوە)، ژمارە (7).
- فقێ محمد، بەیان حەمەطاهر (2023)، خوێندنی کچان لەلادێوە تا دواقۆناغی گەشەی شار لەکەلار، یادی کەلار (بڵاوکراوە)، ژمارە (7).
- گەرمیانی، تابان (2017)، شاری کەلار.. بزووتنەوەی ژنان و بەشێک لەدەستکەوتەکانیان، یادی کەلار (بڵاوکراوە)، ژمارە (0 -1).

**حەوتەم // ڕۆژنامە و هەفتەنامە و مانگنامە**

- (1993)، ئێزگەی دەنگی گەرمیان دامەزرا، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە (406).
- (1997)، بەشی پەرستاری لەپەیمانگای تەکنکیی کەلار دەکرێتەوە، هەرێمی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (36).
- (2001)، ڕاگەیاندنی هەوڵەکان بۆ هاندان، نەک مەبەستێکی تر، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە (2505).
- (2004)، دەستەی نووسەران، بەرەوشار (مانگنامە)، ژمارە (2).

- (2004)، دەستەی نووسەران، کەنار (مانگنامە)، ژمارە (1).
- (2006)، هەشتی مارس (سەرووتار)، کەناری ژن (مانگنامە)، ژمارە (2).
- (2007)، پاریا یەکەمین ئاوێنەی ئافرەتان لەگەرمیان، پاریا (مانگنامە)، ژمارە (1).
- (2007)، سەرووتار "لەبارین دا 8ی مارس ڕۆژێک بۆ قسە و یادکردنەوە یان وێستگەیەک بۆ گۆڕان"، بارین (ڕۆژنامە)، ژمارە (1).
- (2008)، ڕادیۆی تەوار لەماوەی یەک ساڵدا (2000) بەرنامە و (13000) هەزار هەواڵی پێشکەش بەگوێگرانی لەگەرمیان کردووە، ژیانەوە (هەفتەنامە)، ژمارە (347).
- (2008)، لەکەلار نیوەی ژنان بێئاگان لە8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان، ژیانەوە (هەفتەنامە)، ژمارە (315).
- (2008)، لەماوەی نۆ مانگدا لەگەرمیان 217 حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر ژنان تۆمارکراوە، ژن پارێزی (پاشکۆی تایبەت)، ژمارە (1).
- (2009)، لەگەرمیان کۆنفرانس دەستی پێکرد، کۆنفرانس گەرمیان (بڵاوکراوە)، ژمارە (1).
- (2020)، پاریا دەستپێشخەرییەکی ڕۆژنامەوانی ژنانی گەرمیان، نەوژین (مانگنامە)، ژمارە (42).
- ئیسماعیل، دیمەن (2018)، تاکە ژنە پەیامنێری تەلەفزیۆن لەگەرمیان، نەوژین (مانگنامە)، ژمارە (20).
- جاف، مژدە مەحمود (2001)، پێشانگایەک لەپێباز، هەرێمی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (393).
- جەوهەر، سروە (2004)، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی کەلار، کەلار (گۆڤار)، ژمارە (2).
- حاتەم، سوعاد (2006)، ژنە شاعیر و ڕوناکبیری مەنفا ڤینۆس فایەق بۆ کەناری ژن دەدەوێت، کەناری ژن (مانگنامە)، ژمارە (5).
- حاتەم، سوعاد (2006)، فەیمە کۆچەری ئەو پێشمەرگەیەی بۆ ساتێک دانەبڕا، کەناری ژن (مانگنامە)، ژمارە (1).
- حەمەساڵح، شۆخان (2017)، سەلە کەلاری...، نەوژین (مانگنامە)، ژمارە (3).
- حەمەتاهیر، بەیان (2007)، ژنانی ئەنفال و قوربانیەکی نەبڕاوە، بارین (ڕۆژنامە)، ژمارە (2).
- حەمەی پور، گەرمیان (2007)، ڕادیۆی تەوار هاوکاری (80) خێزان دەکات، ژیانەوە (هەفتەنامە)، ژمارە (296).
- سەعید، ژیان محەمەد (1997)، بۆ ئاوڕدانەوە لەکەس وکاری ئەنفال کراوەکان، هەرێمی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (95).
- سەعید، ژیان محەمەد (1997)، بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی کەلار، هەرێمی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (44).
- سەعید، ژیان محەمەد (1997)، گەرمیان و بیرەوەرییەکانی ئەنفال، هەرێمی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (82).
- سەعید، ژیان محەمەد (1997)، لەکەلار یەکەمین کچ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواوکرد، هەرێمی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (325).
- سەعید، ژیان محەمەد (1997)، هەرێمی کوردستان خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ژنان لەگەرمیان بەسەردەکاتەوە، هەرێمی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (307).
- عەبدوڵڵا، تابان شێخ (2001)، خوێندنەوەیەکی تر بۆ ژنان و مەسەلەی ئازادییان، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە (2510).
- عەزیز، سوعاد محەمەد (2001)، پردی تۆڤگە– مەیدان پێویستی بە چاککردن هەیە، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە (2457).
- عەزیز، سوعاد محەمەد (2001)، لەڕووی ئاوەدانیەوە ناوچەکە تاڕادەیەکی باش دەستی خزمەتگوزاری پیگەیشتووە، کوردستانی نوێ (ڕۆژنامە)، ژمارە (2474).
- گەرمیان، گوڵاڵەی (1999)، ئەو دەمەی ژن هاوسەر و هاوڕیت بێت، هەرێمی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (130).
- گەرمیان، گوڵاڵەی (2001)، هەڵەبجەیەکانیش ئەنفالکران، هەرێمی کوردستان (ڕۆژنامە)، ژمارە (380).

**هەشتەم // کۆنفرانس**

- دەلۆ، حسێن ئیسماعیل خان (2019)، ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی (1945-1963)، کۆنفرانسی زانکۆی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە(کۆنفرانس).

**نۆیەم // چاوپێکەوتن و پەیوەندی تەلەفۆنی**

- باوەڕ، ئەحمەد، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، (2023/9/21)، کەلار.
- حاتەم، سوعاد، سەرنووسەری یەکەمین ڕۆژنامەی ژنان لە کەلار، (2023/9/7)، کەلار.
- خالید، بەناز، یەکەم ژنە پەیامنێری تەلەفیزیۆن لەکەلار، (2023/8/14)، کەلار.
- ڕەحیم، سەردار، بەڕێوەبەری ڕادیۆی ئازادی، (2023/8/22)، کەلار.
- سالّح، بەدریە محەمەد، یەکەمین ژنە ڕاگەیاندنکاری تەلەفیزیۆن لەکەلار، (2023/9/1)، کەلار.
- سلێمان، فریشتە عەلی، ڕاگەیاندنکار لەڕادیۆی ئازادی، (2023/7/30)، کەنەدا، پەیوەندی تەلەفۆنی.
- سەعید، ژیان محەمەد، یەکەم ژنە پەیامنێری ڕۆژنامە لەکەلار (2023/7/30)، کەلار.
- سەعدوڵڵا، تەلعەت، کارمەند و یەکێک لەدامەزرێنەرانی تەلەفیزۆنی کەلار، (2023/8/14)، کەلار.
- شێخ عەبدوڵڵا، تابان، چالاکوانی بواری ژنان و ڕاگەیاندنکار، (2023/7/27)، سلێمانی.
- عوسمان، سۆییە، یەکەم ژنە بێژەری ڕادیۆ لەکەلار، (2023/8/14)، سلێمانی.

**دەیەم // پێگەی ئینتەرنێت**

- پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، گوڵاڵە عەزیز قادر شەریف، https://www.parliament.krd/mps/previous-mps/mps-term-2/% / ، ڕۆژی سەردان: (2023/9/5).
- پێگەی فەرمی ئیدارەی گەرمیان، https://garmiyan.com/Yakaidariyakan.aspx?jimare=10، ڕۆژی سەردان: (2023/7/27).
- خالد، مەریم، گوڵناز: دەمەوێت هەر گوندێکی ئەنفالکراو خاوەن چیرۆک و ناسنامەی خۆی بێت، 13/04/2023، https://newjin.net/details.aspx?kodtech=31123&fbclid=IwAR2lHE-_nof_LOrm، ڕۆژی سەردان: (2023/9/5).



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034